کۆمەڵە
چیرۆک

# لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی



مەنسوور یاقووتی

FÊRBÛN

کۆمەڵە چیرۆک

# لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا

مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی:

عەزیز گەردی

FÊRBÛN
فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون - ژمارە (٢٩)

ناونیشان: هەولێر/ بازاڕی کتێبفرۆشان - بەرامبەر دەرگای قەڵا

٠٧٥٠٤٠٤٨٢٨٥ - ٠٦٦٢٢٢١٢١٥

ناوی کتێب: لەگەڵ منداڵانی گوندەکەماندا

ناوی نووسەر: مەنسوور یاقووتی

وەرگێڕانی: عەزیز گەردی

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک

دیزاین و بەرگ: ئاکار جەلیل

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٦٢١)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

## ناوەرۆک


(١) شوانان.................... ٧

(٢) عەمۆ پیرە.................. ٣٥

(٣) مامۆستا ئومێدی.............. ٦١

(٤) بابا ئەلیاس................. ٩٣

(١)

# شوانان

هەتاو لە پەنا پەڵە هەوری سوورو نارنجی سەری دەرهێنابوو کاتێ قوربانعەلی لەگەڵ عەمۆ مراد مێگەلّی ئاغایان لە گوند راداو بەرەو داوێنەکانیان هاژوا. سەگەکانی مێگەڵ شانیان لە مەڕە دواکەوتووەکان‌و دابڕاوەکان دەداو دەیانبردنەوە ناو مێگەڵ. بە حەپە

حەپ بەم لاو بەولادا رایان دەکرد. کەڵبەی سپییان دەبریقایەوەو بە هەراو هۆریا مێگەڵیان خڕ دەکردەوە سەر یەک کە تۆزێکی کورت و ئەستووری لە دوای خۆیەوە جێ هێشتبوو.

قوربانعەلی پریاسکەی نان و پەنیری لە پشت بەستبووو گۆپاڵێکی بە دەستەوە بوو. گۆپاڵی لە پشتی مەڕەکان دەدا. بەملاو بەو لادا رایدەکرد. بە هڕڕەو یخخە مێگەلەکەی دەهاژوا.

عەمۆ مراد ساتمەی لە بەردێک کرد. وەخت بوو سەراو سەر بەر بێتەوە. هاوسەنگی خۆی راگرت و بەردێکی لە بزنێکی قەڵەو دا بە جێما بووو قەپی لە پنجە گیایەک دەدا. هاواری کرد:

- هەی ماخۆ مردی چەتوون! ...دەک لەعنەت لە بابت... سەگ مەزەب...!

قوربانعەلی بە دەم ڕۆیشتنەوە، ئاوڕی لە دواوە دایەوە: تیشکی خۆر کەوتبووە سەر بانی قوڕی نارێكو دەچوو سەر بە کلاورۆژناندا بکا کە وەکوو دەمی مردوو کرابوونەوەو دەچوو وەك جانەوەرێکی تەوەزل بە کۆڵانەدا بخشێ. دووکەڵ لە سەر بانان هەڵدەکشاو نیشانی دەدا کە ژنان تەندووریان داگیرساندووەو خەریکن نانی رۆژانە دەکەن. کەڵەشێرێك لەسەر لێوی بانی خانوویەك، ملی درێژ کردو چاوی نوقاندو پڕ بە دەم قووقاندیو لە شەقەی باڵی داو فڕی بۆ کۆڵانێ.

قوربانعەلی پێکەنیو ئاوڕی دایەوە. مێگەڵ باڵای تەپۆڵکەیەکی وشك بوبوو و لە بەرا دی، لێژاییەکی سەختی دەبڕیو شۆڕ دەبووەوە بۆ ناو دۆڵ. خۆی گەیاندە عەمۆ مراد کە رووی

وێک هاتبووەوە. وێ دەچوو دڵی توند بێ.
پرسی:

– عەمۆ مراد، ئەمڕۆ مێگەڵ ببەینە کوێ؟

عەمۆ تفێکی لە زەوی کرد. سەرنجی بڕییە قاما دی کە خۆی دابووە بەر تیشکێکی زەردو کز. ریشی رەشی خوراندو گوتی:

– هەر دۆڵێکی دۆزەخت دەوێ بیبە ئەوێ...ئاغا گوتی بیانهاژۆین بۆ لای تەپە زەردە... ئاخ...

قوربانعەلی هیچ قسەی نەکرد. لێوی هەڵقورچاند. ئەمڕۆ عادزبوو، زەوقی قسە کردنی نەبوو. خۆیشی حاڵی ئەوەندە لە عەمۆ باشتر نەبوو. ئەگەر عەمۆ حاڵی باش بوایەو لێگەڕابوایە بۆی باس بکا ، پێیدەگوت چۆن ئاغا لێنەگەڕاوە باوکی رەوانەی شاری بکاو لە خوێندنی خۆی بەردەوام بێ. دوێنێ

مامۆستاکەیان ، جەنابی گراوند، لە دوو باوکی نارد بچێتە ژوورەکەی‌و پێیگوت: (قوربانعەلی کوڕێکی باشە، زۆر بە توانایە، ئەمساڵ لە ناو هەموو قوتابییانی پۆلی پێنجەمدا، یەکەم بووە. حەیفە نەخوێنێ... بیبە شار، لێمەگەڕێ بەدبەخت ببێ...)

باوکی گوتی: (دەستمان ناڕوا. تاقەتمان نییە... قوربانعەلی، ئەگەر بچێتە شار، ساڵێ دوو هەزار تمەنی دەوێ، لە کوێم بوو؟ منیش تەنیا ئەو تاکە کوڕەم هەیە. ئەگەر ئەو نەبێ، ئاغا لێناگەڕێ من پاسەوانی باخەکەی بکەم‌و دەرم دەکا. خۆت دەزانی من خۆشنشینم. زەویم نییە. لە هەموو ماڵی دونیا خاوەنی کەرێك‌و دوو سەر بزن‌و چوار سەر پیرە مەڕم. ئاغا ساڵێ، هەزار تمەن بە قوربانعەلی دەدا کە

بچێتە بەر مەڕی...بۆ باخەوانیش دوو هەزار تمەن بە من دەدا.)

جەنابی گراوند گوتبووی: (تۆ کە نە زەویت هەیەو نە هیچ شت، دەستی ژنو منداڵت بگرەو بڕۆ شار. بە هەر جۆرێ بێ، پاروە نانێك پەیدا دەبێ. ئاغا بەرژەوەندی خۆی دەوێ. دوو رۆژی دی کە لە کار کەوتی؟، دەرت دەکا. قوربانعەلی بێبەشو بێچارە دەبێ.)

باوکی، لە ئەنجامی پێداگرتنی مامۆستادا لە فکر ڕاچوو. ترووسکەیەکی لە دڵ پەیدا بوو. چووە لای ئاغاو مەسەکەی پێگوت. ئاغا، بە هەر زمانێ بێ بە رێی کردو گوتی: (جەنابی گراوند شەکر دەخوا. ئەو بە هەر حاڵ، بابایەکی بێگانەیە. نازانێ خەڵك بە چ خوێنو خیزاوێکی دڵ پارووە نانێك دەرخواردی ژنو

منداڵیان دەدەن. خوێندن لە شار، گاڵتە نییە. مەسرەف پشتی پیاو دەشکێنێ. کابرا مانگێ، بە دوو هەزار تمەن، دوو منداڵی قوتابخانەی پێ بەڕێوە ناچێ. ئەو بیرانە مەکەوە. جگە لەوە، چ مەعلووم قوربانعەلی وەردەگیرێ؟)

ئێوارێ، کە بە کفتیو شەکەتی گەڕایەوە ماڵێو باوکی قسەکانی مامۆستاو ئاغای بۆ باس کردو ئاخیری گوتی: (چارە چییە؟ ناکرێ...تا ئێرەت خوێند بەسسە، چینی ئێمەو خوێندنیان نەگوتووە؟) دەتگوت یەک مەقەڵە خۆڵەمێشیان بە سەر دا کرد. دەمو چاوی سوور هەڵگەڕاو بە دەنگی بەرز جوێنی بە ئاغا دا: (غەڵەت دەکا...بۆرەپیاوی ورگ زل...بەوی بێ کەس لە مەکتەب نەخوێنێ... من هەر دەبێ بچمە شار، ئەگەر نا، را دەکەم.)

باوکـــە، بـــە بیســـتنی بەشـــی دواوەی قسەکانی، رەنگی لە روو پەڕی‌و گوتی: (فیرار دەکـەی؟ گـووی دەخۆی! پێـت داغ دەکـەم. لـەوەتی چۆتە قوتابخانـە زمـانی چـەند رەپ بووە. نە گەورەو گچکەیی دەزانێ، نە دەزانـێ لەگـەڵ هـی لـە خـۆی گـەورەتر، بـە رێـزەوە قسەی بکا.)

قوربانعەلی، پێی لـە زەوی کوتـا. دووبـارە جەختی کردەوە کە ئەگـەر لێنەگـەڕێن بچێتە شار، لە ماڵەوە رادەکا، باوکە هەستا. گرتـی‌و لێدە ئەمما لێدە. ئەوەنـدەی لێـدا، ئێسـتایش هـەموو گیـانی ژان دەکـا. بـە زەحمـەت خـۆی بێرەو بەوێ دەگەیەنێ. دایکیشی، کە ویستـی دەستی باوکە بگرێ، بە پێلەقـەی باوکـە وەك كۆنە سەماوەر کەوتە گۆشەیەکی ژوورەوە.

قوربانعەلی، لەگەڵ یادەوەریی ئەو شتانەدا دڵی دەگوشرا. دەتگوت قوونێرێکی رەشی لە گەروو هاتووە. هەستی بە خنکان دەکردو چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. عەمۆ مراد چەند هەنگاوێك لە پێش ئەو بوو. فرمێسکی بە قۆڵی کراسی پاك کردەوە. گۆپاڵێکی قایمی لە مەڕێکدا کە خەریك بوو لە کەری پەز دادەبڕا. بە دەنگێکی پڕ قین هاواری کرد:

– بڕۆرەوە ناو مێگەڵ...سەگ ماخۆ... خوایە، گوانت بە بڕین چێ.

خەریك بوو لە لەوەڕگا نزیك دەکەوتنەوە. کزەبایەکی فێنکی دەهات.

لەو خوارە، کەناری رووبار سپی دەچووەوەو لەقلەقێك بە سەردا ئاسماندا دەخولایەوە، ئاودێرێك بێڵی نابووە سەر شانو فانۆس بە دەست، بە کفتو شەکەتی، بەرەو

دێ دەبووەوە. بێخەویی شەوو شنەی ساردی شەوانی فەروەردین رەگی لەشی چورچ کردبووو وەك ریشەی گونی پیاوی پیر وشکی کردبوو. قوربانعەلی، عەمۆی ناسی کە کرێکاری ئاغا بوو. رەوە کۆترێکی قەللاج لە سەر چنارستانی ئاغا خولیان خواردەوەو بەرەو تەپەکانی ئەولای چنارستان چوون.

چارەی قوربانعەلی بە چەناگەی خڕو چاوی رەش‌و گەورەو ئەو لێوانەی لەبەر باو خاکی بیابان توێ توێ بوبوون، لە بیرێکی ناخۆشدا نقووم ببوو. ئەگەر لە گوند بمێنێتەوە...

...سەرنجی کەوتە سەر عەمۆ مراد کە لە سەر تەلە بەردێك دانیشتبوو، جگەرەی دەپێچا. سەگ لە دەورو بەری کلکەلەقەیان دەکرد. خۆر، رەنگی دەم‌و چاوی وەکوو رەنگی تریاکی سووتاو لێکردبوو. دەماری

دەستی هەستابووو ملی وەك زەوی بەیار، دڵی مرۆڤی تەنگ دەکرد. لووتی وەکوو قاچی مریشکێ بوو کۆی کردبێتەوە بن سکی. حاڵەتێکی غەموونی هەبوو. ئەویش ئەگەر لێرە بمابایەوە، ئاوها وەکوو عەمۆ بەدبەختو بێچارە دەبووو منداڵ بیاندیبا ئەزیەتیان دەخوارد.

ئاغای بیر کەوتەوە کە بە ورگی زلی وەك مانگای ئاوسو بە عەینەکی رەشی چاوی بچووکی وەك دنکە نۆكو بە بەژنی کەڵەگەتو شانی ئەستووری، سواری جێبە شینەکەی دەبووو بە سەر سەری خەڵکدا دەینەڕاند. قەت وەکوو ئێستا لە ئاغا بێزارو نارەحەت نەبووە. ئەگەر لە دەستی بهاتایە، ئەوەندە گەرووی دەگوشی تا وەکوو مریشکی بەر

کەڵبەی ڕێوی، بێهوودە پەلی دەکوتاو دەیزیڕاند

قوربانعەلی، شەوی ڕابردوو تا بەیانی نەخەوت. ماوەیەك بە بێداری مایەوەو گریاو لە ناو جێ تلی دا. ئەوەندە دڵتەنگو ناڕەحەت بوو، هەستی بە سەخڵەت کردنی کێچو ئەسپێو مشك نەدەکرد کە فرتو هۆڕیان بوو بەم لاو بەو لادا ڕایان دەکرد، یان لە ناو دیواردا خرتە خرتیان دەکرد. ئەوەندەی تریش خەونی جرناو فرنای دەدی. خەونی وا کە ترسی دەخستە دڵ، یان ئومێدی پێ دەبەخشی، یان دڵی خۆش دەکرد.

لە خەودا دی برایمی هاوڕێی چۆتە شارو دەرز دەخوێنێ کەچی ئەم، لە داوێنی چیایەکدا، لە کاتی دار کردندا، کەوتۆتە بەر هێرشو پەلاماری چەند گورگێك. گورگەکان لە

دەوری بازیـان هەڵـدەداو کەڵبـەیان نیشـان دەدا. دوای ئەم خەونـە، خـەونێکی تـری دی. دیتی ماشینی ئاغا تۆزی لـە دوو هەڵدەستیٚو دێتـە نـاو ئـاوایی‌و ئـەویش خـۆی لـە پەنایـەك دەشـارێتەوەو بـە بـەرد شووشـەی پێشـەوەی ماشـینەکە داغـان دەکـاو تێـی دەتـەقێنیٚ هەڵدیٚ.

قوربانعەلی، لەو بیرانەدا بـوو، بـە خـۆو بـە گۆپاڵەوە چووە لای هەندیٚ مەڕ کە چووبوونە ناو گـەنمی مەشـهەدی حیشـمەت. هـڕڕەی لـە مەڕەکان کردو بۆ ناو مێگـەلی هـاژوان‌و چووە لای عـەمۆ مـراد کـە جگـەرەی دەکێشـاو سـەرنجی بـە ئاسـۆدا دەگێـڕا. ڕۆژ بڵنـد بـوو، چارەی گەش بوو. سووسکەیەك لە ناو تـەبارە گەنمدا، کـە بـە ئـارامی کەروێشـکەی دەکـرد، گۆرانی دەچڕی. پەلە هەوری پـەرت‌و بـڵاو لـە

ئاسمانـدا، بـەدەم بـاوە، کـە بـەرەو باشـوور هـەڵیکردبوو، کەوتبوونـە جوولـە. عـەمۆ مـراد وەکـوو دارچـواڵەیەکی کێـوی پـیرو ئـاخرو ئۆخری پایز، بە غەمباری‌و پەرێشانی لە سـەر تەلـە بـەردێك دانیشـتبوو ورینگـە ورینگـی دەکـرد. عـەمۆ دەنگێکـی دڵ گـرو خۆشـی هەبوو. کاتێ کە خۆشحاڵ بوایـە، یـان نـەختێ دڵتـەنگ بوایـە، دەنگـی بەردەدایـەوە نـاو جەرگـەی ئـەو دەشـتە. کـە گـۆرانی دەچڕی، وەك دەنگـی بـاڵی رەوە ریشـۆڵەیەك کـە پـایز بـەرەو گەرمەسـێر کـۆچ دەکـەن، لـە هـەوادا دەنگی دەدایەوە. مرۆڤ هەستی بە غەریبایەتی دەکرد.

عەمۆ سەرنجی لە ئاسۆی شین کێشایەوەو گوتی:

– ئەمڕۆ دڵم زۆر تەنگە.

قوربانعەلی ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

– خوا نەکا... بۆچی؟

عەمۆ بەردێکی لە سەر زەوی هەڵگرتەوەو لە بزنیکی گرت کە چووبووە ناو دەغڵی خەڵك. دانیشتو گوتی:

یەك دوو رۆژە موجتەبای کوڕ تووشی زکچوون هاتووە. دوێنێ سبەینێ، چوومە لای ئاغاو گوتم غوڵامکەیەکی تۆم هەیە نەخۆشە. سکی دەچێ. مەرحەمەت بفەرموو، سی چل تمەنم بدەرێ بیبەمە شار بۆ لای دختۆر. نەسرەتیش ئامادەیە لە باتی من بچێتە بەر مەڕی. حاڵی زۆر خراپە...

گوتی هیچ نییە. چاك دەبێ...واز لە ئیشی خۆت مەهێنە. نەسرەت دەستو پێ سپییە... دڵم بڕوایی نادا بینێرمە بەر مەڕی.

ئەوەندەی تکام کردو پاڕامەوە، گوێی نەدامێ. ئاخیریش تووڕە بووو دوو سێ جوێنی نامووسی حەواڵە کردم. منداڵی خۆی تەنیا سەرمای بێ، دەیباتە تاران. بەڵام منداڵی من بنیادەم نییە.!! بە قەدەر مەڕێك نرخی لای ئەو نییە! کە مەڕێکی نەخۆش دەکەوێ، بیست دختۆری دێنێتە سەر!!

عەمۆ، جوێنێکی پیسی داو بێدەنگ بوو. مێگەڵ لە دەشتو داوێن دامەزرا بوو. بە ئارامی دەڕۆیشت. سەگ لمووزیان لە زەوی دەخشاند. هوشیار بوون. ماشینێك لە دوور، تیژ، بە ڕێگای قونتاری چیادا دەڕۆیشت. بای نەدەهات. تۆز ماوەیەك لە هەوادا دەمایەوە ئینجا بە هێواشی دەنیشت.

قوربانعەلی، قسەی نێوان مامۆستاو باوکیو ئەوەی ئاغا بە باوکی گوتبوو بۆ عەمۆ

باس کرد. پێلووەکانی کەوتنە سەر یەك و چەند دڵۆپە فرمێسکێکی لە سەر برژانگەکان نیشت. لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی:

– دڵم ئۆقرە ناگرێ. دەزانم باوکم گوێ بە قسەم ناداو هەتا هەتایە لێرە دەمێنمەوە. هەمووی سووچی ئاغایە...بە ئەبولفەزل دەبێ داغی بیست سەر مەڕی بە دڵەوە بنێم. لەوە زیاتر هەیە کە سەعاتێك لێم بدا؟!

چاوی عەمۆ مراد ئاورینگێکی مەرگباری لێ بووەوەو بزەیەکی خەفەکراو خەتی دەم و چاوی جوولاند. مێگەڵ خەریك بوو دوور دەکەوتەوە. هەستان دایانکوتایەوە لێنەگەڕان پەرت ببێ. ران بەرەو لای (تەپە زەرد) دەچوو کە لە دامێنی چیا خۆی گرمۆڵە کردبووو سەراپای بنە (خشیل)و (توسی)و (تالگ) بوو. قومقمۆکێك لە تەك بەردێك،

چرکەساتێك چاوی بڕییە قوربانعەلی‌و خۆی خزاندە بن بنەپرچكێك. قوربانعەلی، چاوی برووسكەی دا. ئەو برووسكەیە بیرێكی ترسناكی لە پشت دەجۆشا لە چاوی دووربینی عەمۆ مراد بزر نەبوو. قوربانعەلی لە عەمۆ مراد نزیك كەوتەوەو گوتی:

– دەمەویست شتێ بڵێم.

عەمۆ، بزەی هاتی‌و گوتی:

– ها؟

قوربانعەلی، نەختێ منگە منگی كردو ئاوی دەمی قووت دایەوە. سەرنجی لەسەر دەم‌و چاوی عەمۆ وەستاو هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو گوتی:

– وەرە شتێ بكەین.

عەمۆ، سەری لەقاندو گۆپاڵێكی لە پشتی مەڕێك داو گوتی:

- چ شتێ؟ دەڵێی دەتەوێ شتێکی گرنگ بڵێی؟

قوربانعەلی، عەجوولانەو بە پچڕ پچڕی گوتی:

- دەڵێم... بە راست... تۆ بزانە! ئەو هەموو بزن و مەڕە هی ئاغایە. چوار سەت سەر دەبێ... وا نییە؟!

عەمۆ لێوەکانی لێکداو گوتی:

- بەڵێ... شتێکی ئاوهایە.

قوربانعەلی تەماشای مێگەلەکەی کردو گوتی:

- ئەوە چەند رۆژە، گورگ هەر لە دەوروبەری مێگەڵ دەسووڕێنەوە... ئەی دوێنی نەیانویست چەند سەرێك لەت و پەت بکەن؟!

- ئێی؟

– ئیی پێ ناوێ! ... ئەمڕۆ ئەگەر گورگ هاتن، با لێبگەڕێین حەفت هەشت سەر مەڕ بدڕێنن... شەو، ئاغا لە خەفەتان خەوی لێناکەوێ. وەکوو من کە شەوێ دی نەخەوتم. بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی دی تۆ چوویتە لای‌و داوای پارەت کرد بۆ موجتەبا، بتداتێ. دوو هەزار تمەن زەرەری لێدەدەین... چیمان لێدەکا؟! خۆ سەرمان نابڕێ!

عەمۆ لەسەر زەوی دانیشت. جگەرەیەکی دیکەی پێچاو دایگیرساند، لە دوڕ چاوی قوربانعەلی راما. بە دەنگێکی خەفەو کەرخ گوتی:

– ئەگەر ئاغا بە دارو قامچی بەربووە گیانت، خوێنی لە پشتت دەرهێناو تۆ گوتت من‌و عەمۆ کلکمان کردە یەک‌و مەڕەکانمان دەرخواردی گورگان دا، ئەو حەلە چ دەبێ؟

قوربانعەلی، بە دەنگێ کە بۆنی دڵنیایی‌و توانـاو جـوامێریی لێ دەبـاری‌و قەناعـەتی بـە بەرامبەرەکەی دەهێنـا، بـە دەنگـێ کـە بـۆنی خـوێن، بـۆنی ئاسـنی لێـدەهات، سـنگی دەرپەڕاندو بە گردەبڕی گوتی:

خاترجـەم بـە، عـەمۆ... ئەگـەر هـەموو نینۆکەکانم دەربکێشێ، پشتە دەستەکانم داغ بکا، هیچ قسە ناکەم. ئەگەر قسەیەکم لـە دەم دەر بچێ، بە چ چاوو روویەك تەماشای چاوت بکەم؟ بە چ جۆر جارێکی تر لەگـەڵ تـۆ بێمـە چـۆڵ‌و چـیا... دەبـێ سـەر هـەڵبگرم‌و لـەم ئاوایـیـە نەمێنم...لـە بیرتـە. سـەد جـار بـە یەکـەوە نـان‌و شـیرمان خـواردووە. چـەندت گۆرانی بۆ گوتووم! تا ئێستا چەند جار لـە چنگ گورگان نەجاتت داوم! مـن ئـیتر ناچمە قوتابخانە، هەمیشە لای تـۆ دەبم... ئاغـایش،

کە تێر دارکاری کردین، دووبارە هەردووکمان بە شوان قەبوول دەکا. کەس وەکوو ئێمە مەڕی بۆ نالەوەڕێنێ‌و بە زگی تێر نایانباتەوە هۆر.

عەمۆ مراد بە توندی دووکەڵی بردە سییەکانی‌و برۆی رەش‌و شۆڕی وێک هاتەوەو گوتی:

– باشە...ئەگەر گورگ هاتن، مەڕیان لێ پاس ناکەین. سەگیش بێ یارمەتی‌و پشتیوانی مە، زات ناکەن پەلامار بدەن. بەڵام ئەگەر ئەمرۆ نەهاتن؟

قوربانعەلی، بە دەنگێکی شاد، گوتی:

– ئەمرۆ نەهاتن، رۆژێکی دی دێن. ئاخری سەرو سەکووتیان هەر دەردەکەوێ... وایە یان نا؟

عەمۆ تەماشای ئەو کێوە بڵندەی کرد کە لە سەر لێوی دۆڵ خۆی دانووساندبووو توانایی‌و خۆڕاگریی لێ دەباری. پێکەنی‌و شەپی لە پشتی قوربانعەلی داو گوتی:

– تۆ دەبی بە کوڕێکی باش...وەکوو پڵنگی کێوان، بە ئازادی‌و سەرفرازی دەژی.

عەمۆ ئیستێکی کردو دوای ئاهێکی دوورو درێژ، بەرچاوی تاری بووو گوتی:

– یەك عومر وەکوو پێرەمەڕێکی کەترە ژیام. ئاغا وەکوو مەڕەکانی رەفتاری لەگەڵ دەکردم. شتێکی وام نەکرد ناچاری بکەم رێزم بگرێ...یەك عومر کۆیلەی ئەڵقە لە گوێی بووم. هوم...چاوەکانت وەك چاوی گورگی برسی دەبریسکێنەوە. یاخییەکانیش چاویان ئاوها دەبریسکێتەوە. پیاو وا هەست دەکا جووتە ئەستێرەییەکیان لە بن برۆت داناوە.

عەمۆ بێدەنگ بووو لە فکر ڕاچوو. مێگەل لێك دابڕا بووو چەند مەڕێك چووبوونە سەر بەردەکانی کێوەکە. قسەکانی عەمۆ وەك خۆر دڵی قوربانعەلی ڕۆشن کردەوە. ئاگر لە دڵیدا بڵێسەی دا. هەستی بە سووکیو ئاسوودەیی کرد. دەتگوت چیایەکیان لە سەر سنگ هەڵگرتووە. ئەگەر یەکێ خورپەی دەستی بگرتایە، دەیدی چەند توند لێدەدا. دونیا گەرم داهاتبوو، شنەبا بۆنی گیای خۆڕسکی چیای دەهێنا.

مابوو ڕۆژ ئاوا ببێ، کە جووتە گورگێك لە داوێنی چیا، سەرو سەکوتیان دەرکەوت. قوربانعەلیو عەمۆ مراد لە بن پیرە داربەڕوویەك دانیشتبوون، قسەیان دەکرد. سەگەکان سەریان لە سەر دەست دانابووو لە بنەوە تەماشای مێگەلیان دەکرد. عەمۆ

گورگـەکانی دی‌و نوقورچـێکی لـە قەپرغـەی قوربانعەلی داو گوتی:

– ئەها... هاتن!

قوربانعـەلی دڵـی داتـەپی. لـە جێـی خـۆی هەستاو گوتی:

– گورگەکانی دوێنـێن... هیچیان دەسـت نەکەوتووە. زۆر برسین.

بوو بـە باعـە باعی مـەڕان‌و بـزن هـەڵاتن. یـەکێ لـە سـەگەکان بـە حەپـەیـەکی زۆر قـایم بازی دا بۆ پێشەوە. یەکێکی دی چڕنۆکی لـە خاك گیر کردو مڕەی لێ هەستا. گورگەکان لـە پێچی تەپـە وەسـتان. سـەگەکان، کـە چـەند هـەنگاوێ ڕۆیشـتن، ئاوڕیـان دایـەوەو بـە سەرنجێ کە داوای یارمەتی تێدا بوو تەماشای شـوانەکانیان کـردو بـە دڕدۆنگـی مڕانـدیان. گورگـەکان، بڕوایـان بـە خۆیـان هـەبوو، بـە

ئـارامی دەجوولانـەوە. مێگـەڵ لێـك دابڕابـووو وەك مـەڕێكی گێـژ، بـە بێهـوودە بـە دەوری خۆیدا دەخوولایەوەو نەیدەزانی بچێتە كوێ.

قوربانعـەلی رووی كـردە عـەمۆ كـە لەبـەر پەشۆكان دەستی دەلەرزی، گوتی:

– خۆزگـە لـە جێـی یـەكێ لـەو گورگانـە بوومایە. هـەمووم لـەت و پـەت دەكردن. یـەك مەڕم بە ساغی نەدەهێشت.

عەمۆ، سـەرنجی لـە دەشـتی دەورو بـەری كێشایەوەو گوتی:

– كەسیش لەو دەوروبەرانە نییە شـایەدی بدا ئێمە مێگەلمان پاس نەكردووە.

سـەگەكان بێهـوودە دەحـەپین. حـەیر مـابوون بۆچـی ئاغاكانیـان بێـدەنگ بـووین و هـاتو هـاوار ناكـەن. قوربانعـەلی و عـەمۆ پێكـەنینیان بـە سـەگەكان دەهـات كـە بـە

سەرگەردانی کلکیان قیت کردبووەوە، چنگیان لە خاک گیر دەکردو هەراو هۆریایان دەکردو لێویان کەفی دەکرد.

گورگەکان لە مێگەلیان ناو بۆ هەر کوێ هێرشیان دەبرد، خوێنی گەرمو داغ بەردو پرچکی رەنگ دەکرد.

ئاسۆ، لەو شوێنەی خۆر رەنگی دەپەڕێ، سوور هەڵگەڕا بووو شوانەکان دڵیان لە بەر پەشۆکانو ناڕەحەتی، لێیدەدا.

***

(٢)

# عەمۆ پیرە

وەك ئـەو دار مێوانـەی هەڵیدەپـەرتاوتن، چەمابووەو بە ئەنگوستە پیرو کارامەکانی، کە دەماریان دەرزۆپـی بـوو، بـە زانـایی مشـاری تیژو بچووکی بە لقی مێوەکان دادەهێنـا. کـە پیژکەکانی دەبڕی، فڕێـی دەدایـە لایـەك و بـێ وەسـتان کـاری دەکـرد. پێـی خـاوس بـوو.

پێڵاوە لاستیقە هەرزانەکانی، چەند کەرتێك لە هەورازتر، لە بن دار هەڵووژەیەك دانا بوو، خۆی دەیگوت:

– بەم جۆرە، پێ ئارەقە ناکاو بۆن ناگرێو بە راحەتی هەناسە دەکێشێ. لە هەمان کاتدا پێڵاوەکە درەنگتر دەدڕێو لە کار دەکەوێ. بنی پێ وەك چەرم سخو سفت دەبێو مرۆڤ خێراتر دەڕوا.

عەمۆ چاوێکی شینی کەنۆکی هەبوو. لووتی نووك تیژی هاتبووەوە پێشەوە. ملی وەك پشتە کیسەڵ، پڕ بوو لە لۆچو لیر. باڵای بەرز بوو. لە قەدی دارگوێزێکی بە ساڵدا چووی دەکرد کە باو بارانو گەرداو قاڵی کردبێ.

خۆری درەوشاوەی فەروەردین بە نەرمی تیشکی بڵاو دەکردەوە. لە هەیوانی قوتابخانە

پیاسەم دەکرد، عەمۆ م بینی لەو سەرەوە، لە نزیك ریزە دارسنجووەکان، لە ناو باخەکەی، خەریك بوو دار مێوەکانی هەڵدەپەرتاوت. پێش چەند رۆژێ، داوای لێکردم بچمە لایەوەو (چایەکی تاڵ بە یەکەوە بخۆینەوە). کە نزیك کەوتمەوە، سەلامم کردو ماندووبوونم لێکرد. ئاوڕی دایەوەو بزەیەکی هاتێو بە دەنگێکی شیرین گوتی:

– سەلام لە ئێمەوە...خوا دەست بە باڵتەوە بگرێ... بە خێر هاتی... بەخێر هاتی بۆ لای عەمۆ پیرە.

چوومە پێش و دەستم گوشی. گوتی:

– چۆن تاقەتت هەیە رۆژی هەینی، لە سبەینێ هەتا ئێوارێ، لە ناو قوتابخانە دەمێنیتەوە؟ وەرە دەرەوە لە ناو باخان بگەڕێ. بڕۆ چیا. بنیادەم لە ماڵەوە

حەوسەلەی دەچێ. بە تایبەتی ئەگەر تەنیا بێ، خەیاڵات دەکا. دوو ڕۆژی دی، کە پیر بووی، داخ بۆ ئەم ڕۆژانە دەخۆی.

بە یەکەوە چووین لە بن دار هەڵووژەیەک دانیشتین. سێبەرێکی فێنکی هەبوو. قووتی جگەرەی کردەوە. کۆکەیەک هەموو گیانی تەکان داو بە چاوی شینی تەماشای مێوەکانی کردو گوتی:

– دوو ڕۆژی تر، کاری مێو هەڵپەرتاوتن ماوە، عەمۆیەو ئەو تاکە باخە! ئاخیرو ئۆخری هاوین، ڕۆژێ، وەرە ببینە عەمۆ چ ترێیەکی بەرهەم هێناوە؟! هەر تلییەکی بە قەدەر قلە قەسپی فارس گەورەو شیرینە. ...

دەبێ ترێی باخی عەمۆ بخۆی.

پرسیم:

– جگە لەو باخە، هیچ کاری ترت هەیە؟

ناو لەپی دەستی خۆی نیشان دام کە جێ جێیە پفکە بوو. گوتی:

– هیچ!

تیشکێکی کەمۆیی لە چاوی ئاورینگی داو بە دەنگی بەرز پێکەنی. کە پێکەنینەکەی تەواو بوو، جگەرەکەی داگیرساندو بە سەرنجێکی خەیالاوی گوتی:

– لەو رۆژانە گوزەرانم باش دەبێ. دەوڵەمەند دەبم. مریەم، سێ چوار داخوازی هاتووە. ئەوەی دواوە راستە تەواو کەچەڵەو کەوتۆتە ناو ساڵانەوە، بەڵام دەوڵەمەندە. پیاوێکی میهرەبانە. بڕیارە چوار سەر مەڕو قاڵییەكو هەندێ وردەشتی تر و دوو هەزار تمەن بدا...خراپ نییە، ها؟!

پێکەنیو بە هاوار بە کچەکەی گوت، کە لە سەر بان دانیشتبوو تەشی دەڕست:

- پاڕووە نانێك بێنەو چای تازە دەم بکە!

گوتم: من تازە ئەلعان چام خواردەوە. زەحمەت مەکێشن.

خۆی لە سەر زەوی جوولاندەوەو ئاسوودەتر دانیشتو گوتی:

- بەھ...بەھ... لەو زەحمەتە!؟ بە ڕاست، بیستوومە سەربردەی خەڵك دەنووسیتەوەو چاپی دەکەی؟

گوتم: بەڵێ.

بۆم ڕوون کردەوە کە من چیرۆك دەنووسمو ئەگەر شتێکی خۆش دەزانیٚ، بۆم باس بکا تا بینووسمەوە.

چاوی بە پرتەوێکی گەش درەوشایەوە. ملی خوراندو گرژییەوەو گوتی:

- یانی ناوم لە کتێبدا چاپ دەبێ؟
عاجباتی...عاجباتی!! من شتێکت بۆ باس دەکەم. بێ گومان شتەکە زۆر لەمێژە رووی داوە. تەمەنم چواردە پازدە ساڵی بوو کە...

من گوێم راگرت. ئەو بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە، مەشهەدی یووسف بۆی گێرامەوە، کە لەبەر پیری، خەڵکی ئاوایی پێیان دەگوت (عەمۆ پیرە). منیش بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە.

*

*

کزەبایەکی ساردی دەهات. رۆژ بە دەرەوە نەبوو. بەڵام لە تارمایی بە سامی دەوەکانی بن بەفر، دەتزانی خەریکە رۆژئاوا تۆزێکی خۆڵەمێشی بە سەر باخەکاندا دەکا

کــە وەکــوو ئەنگوســتی دەســت رووت بوبوونــەوە. زەوی ســپی بــوو. بــەڵام بارســتایی بــەفر ئەوەنــدە ئەســتوور نــەبووو چارەو بە ئاسـوودەیی دەیتـوانی بـە بـەرواری چیادا بڕوا.

یوسف لەگـەڵ پـیرە بـاوکیو کەرەکـەیان، دابووە پێش خۆیان، کەوتنە سەر بزنە رێیـەك پێچـی دەکـردەوە بـۆ گوزەرگـای سـەختی (کـانی پـەری). مـیرزا خـودا مـرادی بـاوکی یوسف، بە پاڵتۆی رەشو بەژنی بڵنـدو لاوازی هەر لە تارمـایی ئەفسـانانی دەکـرد. ریشـێکی چەرموو دەمو چاوی داپۆشـیبوو. چـارەیەکی زبرو داچەکیوی هەبوو . شوونی داوەشانو بێ تاقەتی بە چاکی پێوە دیار بوو. دەکۆکیو بە سەر یووسفیدا دەبۆڵاند:

– دە خێرا برۆ...نابینی خەریکە ڕۆژ ئاوا دەبێ. با تا شەو دانەهاتووە، خۆمان بگەیەنینەوە دێ.

ئاوازی دەنگی، ڕەنگی سووکایەتی گرتبوو، بەردەوام بوو:

– تۆیش دەڵێی خۆم بەڕێوە دەبەم؟. تۆ؟ تێتڕا نابینم بەو دەمچەفتیو شپڕێوییە خۆت پێ بەڕێوە بچی؟ وەك گورگ لەتو پەتت دەکەن. ڕاوەستە با من سایەم لەم دونیایەدا نەمێنێ و تۆ بە تاقی تەنێ بمێنیتەوە؟!

یووسف کوڕێکی شەرمنو کەمدووو روو ناسك بوو. پێی دەنایە تەمەنی پازدە (١٥) ساڵی. چاوی بە ئاورینگێکی شین لە ژێر دوو برۆی تەنكو گرژ دادەگیرسا. هەر چەندە کوڕێکی روو ناسكو بە چاو گێل دیار بوو،

بەڵام باش لە شت دەگەیشتو دەرکی دەرکرد. ڕۆحێکی سرکو دڵێکی ناسکی هەبوو. بە کەمترین سووکایەتی، بیری پەرێشانو ڕۆحی بریندار دەبووو دڵی دەشەوتی. بڕوای هەبوو کە دەتوانێ کاری زۆر گەورەو بە سوود بکا بەڵام هیشتا دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوتبوو کە بتوانێ ئەو هێزو هازە دەببڕێ کە لە گیانیدا جۆشی دەخواردەوە. ئەوەندە سووکایەتییان پێ دەکردو تانەو تەشەریان لێدەداو ئەوەندە پێیان دەگوت (شەرمن، کەمدوو)، ئەگەر دەرفەتیش ببایە بۆ دەربڕنی تواناکانی، زاتی نەدەکرد خۆی پێشان بدا.

ئێستا بە ڕاستی لە قسەی باوکی ناڕەحەتو دڵمەند بوو. بەوی بوایە، کەڕ بێو گوێی لە یەك قسەی باوکی نەبێ.. دڵی وەك

ئاسمـانی سـەر سـەری رەش بوبـوو. بـاری کەرەکە خوار بوبوو، بـاوکی راسـتی کـردەوە. بـە دەسـتی راسـت لایـەکی بارەکـەی گـرتو دەسـتی چــەپی نایــە گیرفــانی پــاڵتۆیو کەرەکەی دەنگ دا:

– هەچچە.. سەگبابی تەوەزەل...

باری کەرەکە فەردە شەکرێكو بەستەیەك خورماو قەندو چایو نەختێ تـۆوی شـەودەرو وردە شتی تر بوو. کەرەکە بۆز بـوو. گۆشـەی چاوەکانی رییۆقیان دەردا بوو. وەکوو ماخۆی لەڕو لاوازو بێتاقەت بوو.

یووسف پێی هەڵێنا. لە سەرمان چیچیلەی گوێیو سـەری کـەپووی سـوور هەڵگـەڕا بـوو. باوکی چاکەتێکی تازەی بۆ کڕیبوو، بەڵام پـێ گــەرم نــەدەبووەوە. جووتــە چــەکمەیەکی نوێیشـی لـە پـێ بـوو. تـۆبزێکی رەقو قـایمو

درێژی بە دەستی ڕاستەوە بوو. سەرەکەی وەکوو مستێکی قوچاوە وا بوو. لەو خوارەوە، لە نزیك چنارستان هەڵیگرتبووەوە. یووسف، هەر کاتێ بیری لە چەکمەکەی دەکردەوە، کە دەیتوانی بە ئاسوودەیی پێ بە ناو بەفردا بڕوا، لە پڕ باوکی هاواری لێ هەڵدەستا:

– ئەو تۆپزە چییە بە دەستتەوە گرتووە؟ خۆ ناچیتە جەنگی دێوی سپی؟ ها؟ دەتەوێ چ بەو دارە بکەی؟ هیچ!!

یووسف، بەوی با زەمین شەق ببێو قووتی بدا. بێدەنگ دەبووو خوێنی دڵی خۆی دەخواردەوەو لێوی خۆی دەکرۆشت. نیو سەعاتی دی دەگەنەوە دێ کە کەوتبووە داوێنی کێوێك دەتگوت هەنارەو خوێنیان مژیوە. تەماشای کێوەکەی کرد کە ترۆپکەکەی کەوتبووە ناو ئاخلەیەکی تەمو

تومان. بەهارو هاوین بچووکترین دەرفەتی دەقۆستەوە، بزنو مەڕی دەبردە داوێنی کێوەکەو بە چاپۆکی بزنەکانی دەبردە سەر کێوەکەو لەویوە تەماشای گوندی دەکرد کە بچووكو بێ نموود دەکەوتە بەرچاو. دڵی دەگوشراو تێی هەڵدەکردە گۆرانی.

کە پێچیان کردەوە بۆ ناو دۆڵ، میرزا خودا مراد سامی لێ نیشت. پێش چەند رۆژێ، کە لەگەڵ یووسف چووە شار ، یەکێکی لە دوو قاڵی ژێر پێی ژنو منداڵەکانی بردە شارو فرۆشتی. جارو بار سەرو سەکووتی دزان لەو رێگایە دەردەکەوتو تا ئێستا چەندین کەسیان رووت کردبوو. بەڵام میرزا زاتی دایە بەر خۆی بۆ ئەوەی ترسی برەوێتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- بەم سەرماو سۆڵەیە قەلیش زات ناکا بێتە دەرێ. خۆی لە پەناگایەک دەنێ. بنیادەم یەک سەعات لە بەر ئەو سەرمایە بێ، رەق هەڵدێ.

بەڵام دیسان ترس‌و نیگەرانی چنگی لە دڵی گیر کرد. زۆر کەس دیتیان کە قالییەکانی لە کەرەکەی بار کرد بۆ ئەوەی بیانباتە شار بیانفرۆشێ. پێلەقەکی لە کەرەکە داو هاواری کرد:

- حەچچە... برۆ... دەڵێی بە سەر کێوی قاف دەکەوی!

زاتی دایە بەر خۆی:

- هەر ئێستا دەگەینەوە جێ. ئەوەندەی نەماوە.

- یووسف هەستی بە شتێك کردبوو لە چاوی باوکی، داردەستێکی قایمی لە ورگی

کەرەکە داو کەرەکە دەرپەڕیو هەنگاوی خێرا کرد. باوکە، دەمو چاوی تێك چووبوو. زۆر بە بەدبەختی دەکەوتە چاو. یووسف، دڵی توند بوبوو. سکی بە باوکی سووتاو غەمێکی قووڵ دایگرت. حەزی دەکرد شتێ بڵێ باوکی بخاتە پێکەنینو دڵی خۆش بکا. بە باوکی گوت:

– ئێستا نەنە چاوەڕێ دەکا. کورسی گەرم کردووەو چای تازە دەم دەکا...هەڵبەت ترخێنەی لێناوە. ترخێنەی گەرم بەو هەوا ساردە زۆر خۆشە...

باوکە بێدەنگ بوو. هیچ قسەی نەکرد. لە کاتێکدا کە خێرا هەنگاوی دەنا، گوتی:

– تۆ هەمیشە هەر بیر لە ورگی خۆت دەکەیتەوە... بچیتە ئیجباری؟، ئیجباری دەتکاتە پیاو. من لە سونعی تۆبووم، تفەنگ بە دەست ، لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبووم

ڕێمان دەگرت‌ولێ نەدەگەڕاین بالندە بجوولێتەوە... حەچچە ..حەچچە...

بۆ چرکەساتێك خۆر لە پەنا پەلە هەورێك سەری هەڵکێشاو تیشکی ساردو بێتۆقی چلەپۆپەی درەختانی روناك کردەوە. خەپلەی خۆر نیوەی لە چیا چووبووە خوارێ. یووسف‌و باوکی لە رووبارێك پەڕینەوە کەنارەکانی تەنکە شەختەیەکی تەنکیان گرتبوو. لە تەك پیرە دار گوێزێك سووڕانەوە، دەنگێك لە پشت کەوری بەرامبەرەوە هات:

– نەجوولێنەوە.

دوو نەفەر، دەمامکیان دا بوو. دەم‌و لووتی خۆیان بە دەسماڵ بەستبوو، هەر یەکە بەژنی دوو مەتر شتێك کەم بوو، ڕێگایان گرتبوو. میرزا خودا مراد، هەر وەخت بوو لە ترسان دڵی شەق ببا. چۆقە چۆقی ددانی بوو.

دەستی دەلەرزی. یووسف زۆر بە سەیری تەماشای دزەکانی کردو لە جێی خۆی وەستا. یەکێ لە دزەکان تفەنگێکی بە دەستەوە بوو. ئەوەی تر دەستی بە تاڵ بوو. لە جێی خۆی ئەم پێو ئەو پێی دەکرد . دیار بوو سەرمای بوو.

دزی یەکەم، کە چەکی پێ بوو، چەند هەنگاوێ هاتە پێش‌و گوتی:

– پیرەمێرد چت پێیە؟ پارەی قاڵییەکەت لە کوێ داناوە؟

میرزا خودا مراد، رەنگی وەك بەفر سپی بوبوو، دەستی لە بارەکە جیا بووەوەو گوتی:

– من هیچ پارەم پێ نییە. ئەوەی هەمبوو بەو وردە شتانەم داو ئەوەتا لەم کەرەم بار کردووە. قاڵییەکەم نەفرۆشرا. لە شار، لای

ناسیاوێکم دانا بۆ ئەوەی بیفرۆشیێو پارەکەم بۆ رەوانە بکا. خوا شایەدە درۆ ناکەم.

دزی یەکەم هاتە پێش‌و قۆنداغە تفەنگێکی قایمی لە شانی میرزا خودا مراد دا. میرزا خودا مراد پشتاو پشت بەربووەوە سەر بەفر. دزەکە پێلەقەیەکی لە پشتی داو هاواری کرد:

– یاللا هەستەوە...پالتۆو چاکەتت لەبەر کەوە، سەگداکی درۆزن...

یووسف ددانی بە جیڕەوە برد. هەموو گیانی بوو بە رق‌و قین. خەفەت گەرووی گرتبوو، دەتگوت چەقۆی لە دڵ را دەکەن. تۆپزەکەی لە ناو دەستی دەگوشی‌و تەماشای باوکی دەکرد کە بە چاوی تۆقاو وەکوو کەوی باڵشکاو کەوتبووو بە هێنکە هێنک هەناسەی دەدا.

میرزا خودا مراد، لەو ساتەی لە سەر بەفر کەوتبوو، لە پڕ بە بیری داهات یووسفی کوڕیشی ئەزیەت نەدەن! چارەی نازداری منداڵەکەی هاتە بەرچاو. لە هەژمەتی ئەوەی نەوەک زەبرێک لە کوڕەکەی بدەن، ئازاری شانی خۆی لە بیر نەماو دونیای لە بەر چاو تاریکدا هات. بەوی با دڵی بە گوللە کون کون بکەن بەڵام هەقیان بە سەر یووسفدا نەبێو یووسف بە سەلامەتی بگەڕێتەوە دێ. کوڕەکەی هەموو دونیای شیرینی دەهێنا. ویستی لێیان بپاڕێتەوە هەقیان بە سەر یووسفدا نەبێ کە دزی یەکەم هاواری کرد:

– دەشتگوت پارەم پێ نییە، قورمساغ!

دەستی بڵند کردو مستێکی توندی لە بنا گوێی میرزا خودا مراد کوتا. میرزا خودا مردا دوو بارە بە پشتدا کەوتە سەر بەفرو هاواری

لێ هەستا. دزەکە ویستی پێلەقەیەکی دی لە شانی میرزا خودا مراد بدا. یووسف تۆپزەکەی بڵند کرد. تۆپز لە هەوا ورشەی هاتو هاتە خوارێ بە سپیلکی پێی دزەکە کەوت. یووسف بوبوو بە گورگی هارو خوێن بەری چاوی گرتبوو. تۆپزێکی تری لە دەمو چاوی دزەکە دا. دزەکە هاواری کردو تفەنگی لە دەست پەڕی. خوێن لە لووتی فیچقەی کرد. داهاتەوە سەر زەوی. دزەکەی تر، تا ئەو کاتە لەولاوە وەستا بوو، ویستی پەلاماری یووسف بدا. یووسف وەکوو شێری تووڕە تۆپزەکەی فڕێ داو پڕی دایە تفەنگەکە لە سەر بەفرو لوولەی لە دزەکە راگرتو هاواری کرد:

– نەیەیتە پێش نەوەك لێتدەدەم.

دەستی لە سەر پەلاپیتکە دانا. دزی یەکەم، لەبەر ژانی لەشی، پێچی

دەخواردەوە. وەکوو قەلی پێکراو لە سەر بەفر بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. خوێنی لە لووتو دەمو چاوی فیچقەی دەکردو بەفری سپی، سوور دەکرد.

باوکە لە جێی خۆی قیت بووەوە. پێلەقەیەکی توندی لە دزی یەکەم دا. تۆپزەکەی لە سەر بەفر هەڵگرتەوەو چووە لای دزی دووەم. دزی دووەم دەستی بە پاڕانەوە کرد:

– بۆ خاتری خوا روحمم پێ بکە... بە ئەبولفەزل من هیچ سووچم نییە.

باوکە لێی چوە پێشو تۆیزێکی قایمی لێدا. کە زەبری دووەمی لە پشتی دا، دزەکە کووڕ بووەوەو پشتاو پشت کەوتە سەر بەفر.

باوکە بە یووسفی گوت تفەنگەکە لای خۆی بێو تا شەو دانەهاتووە خۆیان

بگەیەننەوە دێ. دوای چەند چرکەیەک، خۆیان گەیاندە کەرەکە. کەرەکە باری خوار بوبوو. باوکە بارەکەی راست کردەوەو مستێکی توندی لە ورگی کەرەکە دا. بایەکی سارد لە چیاکانەوە دەهات، گلێرە بەفری دەهێناو بە دەمو چاویدا دەکردن. کە گوندییان لێ دەرکەوت، باوکە تۆبزەکەی فڕێ دا. گەڕایەوە، یووسفی گرتە باوەش‌و چاوەکانی ماچ کرد. باوکە فرمێسکی لە چاو قەتیس مابوو. یووسف، شایی لە دڵدا دەگەڕاو پێدەکەنی. هەستی دەکرد لە دونیادا هیچ کەسێکی بە قەد باوکی خۆش ناوێ. باوکە دەستی یووسفی لە ناو دەستی خۆی گوشی‌و بە دەم ئاهێکی قووڵەوە، گوتی:

– تا ئەمڕۆ زۆر بۆت نیگەران بووم. ئێستا ئیدی باکم بە مردن نییە. بە خەیاڵی ئاسوودە

چاو دەنووقێنمو دەمرم... تۆ دەتوانی یەك دێ بەڕێوە ببەی. دیارە ئەو زەحمەتەی بە تۆمەوە کێشاوە بە هەدەر نەڕۆیشتووە. شیری حەڵاڵت خواردووە... خوا بتپارێزێ! ئەگەر بە چاوی خۆم نەمدیبایە چۆن بە تۆپز دەرەقەتی دوو دزی ملەستوور هاتی، قەت باوەڕم نەدەکرد کە کوڕەکەم ئاوها بەجەرگ بێو ئەو زاتەی هەبێ... ئێمە ئیتر پیر بووینو توانای ژیانمان نەماوە... دونیا هی ئێوەیە... ئێمە بازوومان لە کار کەوتووەو زەینمان تاریك بووە...

یووسف گوتی:

– هەق وا بوو لێیان بدەی هەردووکیان بکوژی.

باوکە کۆکەیەکی کردو گوتی:

– نا... ئەوانیش ناهەق نین...بێ شك ژنو منداڵیان برسییە... ئەگەر نا خۆ هار نەبووینە بەو سەرماو سۆڵەو لەو ڕۆژاوایە درەنگە ڕێ لە خەڵك بگرن. هەڵبەت ناچار بوونە. برسێتی هەموو ئێشێك بە بنیادەم دەكا...

ئێستا دونیا تاریك داهاتبوو. ئەستێرەو ڕێی كاكێشان دەركەوتبوون. مانگ، یەك بە بەژنی خۆی لە سەر تەپە وەستا بوو، دەدرەوشانەوە. سەگ لە دێدا چاویان پێ كەوتنو دەستیان بە حەپەحەپ كرد. چرای ماڵان دەسووتا. باوكە لە خۆشیو شادی دڵی دەلەرزی، پەلەی بوو زوو بگاتەوە ماڵێو ئەو ڕووداوە باوەڕنەكردەنییە بۆ نەنە بگێڕێتەوەو بە شانازییەوە بە خەڵك بڵێ:

– من كوڕێكی ئاوهام هەیە... هەر لە پڵنگی كێوان دەكا.

یووسف لە بیرو غایەڵەی دوورو درێژو خۆشدا نقووم بو بوو. بڕوای بە خۆی هەبوو. بە سەنگینیو سەرفرازی هەنگاوی دەهاویشت.

*

*

عەمۆ پیرە بێدەنگ بوو. ڕەوە ریشۆڵەیەك بە سەر سەرماندا تێپەڕینو بەرەو ئاوایی ڕۆیشتن. ئاسۆ، لەو شوێنەی خۆر خەریك بوو ئاوا دەبوو، بە ڕەنگی تۆخ دەدرەوشایەوە. ئاسمان خۆی بە شینی دەنگاوت. عەمۆ پەرداخی چای هەڵداو لە سەر بن پیاڵەی دانایەوەو بە بزەیەکی شیرین گوتی:

- ئێستا یووسف پیر بووە. ددانی لە دەمدا نەماوە. لە دێدا پێیدەڵێن: (عەمۆ پیرە).

***

(٣)

# مامۆستا ئومێدی

مامۆستا ئومێدی، مامۆستای قوتابخانەی گوندی (سیا ستارە)، پیاوێکی زوگورتی بوو. لە ژوورێکی قوتابخانەدا دەژیا کە دیواری لای راستەی تەڕایی کێشا بوو. بابا شەمسی ئیلاه، فەراشی قوتابخانە، پیرەمێردیکی مرۆ مۆچ بەڵام میهرەبان بوو. شەو لای مامۆستا

ئومێدی دەخەوت بۆ ئەوەی مامۆستا تەنیا نەبێ‌و حەوسەلەی نەڕواو ئاوێکی بۆ بێنێ، یان ژووری بۆ پاك بکاتەوە.

مامۆستا ئومێدی دالگۆشت‌و بالاَبەرز بوو. عەینەکێکی شووشەی سپی لە سەر لووتی کورتی دەتریسکایەوە. رۆژاوا، کە مندالەکانی بە رێ دەکرد، بە پەرێشانی‌و ناڕەحەتی دەچووەوە ژوورەکەی خۆی‌و لەگەلّ گەنجانی ئاوایی یاری کارتی دەکرد. هەموو شەو، کارو پیشەی ئەوە بوو. ئەگەر جارێ کەس نەهاتایە... فالّی کاغەزی دەگرتەوەو لەبەر ئەوەی نەدەکرا تەواوی شەو بە فالگرتنەوە بە سەر ببا، بە پەست‌و ناڕەحەتی، یان دەخەوت، یان بە تەنیا بوتلی ئارەقی کشمیشی لە ژێر تەختی سەفەری دەردەهێناو دەمی بە شەرابەوە دەنا.

مامۆستا ئومێدی هەموو شەوەکانی بەم جۆرە دەکرد نیوە شەوو بەیانیان لەبەر کەمخەویی، درەنگ بە خەبەر دەهاتو بە روویەکی وەك ریقنەی مریشك دەچووە پۆل. ئەگەر قوتابییەك کەمترین هەڵەی بکردایە، زریزەیەکی باریك‌و درێژی پێبوو، بەو زریزەیە بە قایمی لە پشتە دەستی دەداو وەکوو قونگە جگەرەکەی لە پۆل فڕێی دەدایە دەرەوە.

ئەو رۆژەیش کە یەکێ لە رۆژە سەرماکانی بەهمەن ماه بوو، جەنابی ئومێدی دەوری سەعات دە لە خەو هەستاو لەبەر ئەوەی شەوی پێشوو تا سەعات چواری بەیانی نەخەوتبوو، رووی ترش بوو. هیچ باڵندەیەك لە ئاسمان باڵی لێك نەدەدا. بەفرێکی ورد دەباری، بەرەو وەستان دەچوو. بێچوە قەلێك

لە سەر دار بی حەوشەی قوتابخانە نیشتبوو. بە چاوی وردو بزۆزی سەیری ئومێدی دەکرد. کە بە کووڕیو بەدبەختی، مەسینە بە دەست، بە هەنگاوی خێرا بەرەو لای هەیوان دەچوو. بێچووە قەلەکە سنگی دەرپەڕاندو دەنووکی کردەوە: قاڕ قاڕ.

بابا شەمسی ئیلاهـ کۆنە پاڵتۆکەی بە سەر سەری دادابوو بە بەفرماڵە شکاوو لەقو لۆقەکەی سەربانی قوتابخانەی پاك دەکردەوە. لە سەرمان، دانەچۆقەی پێکەوتبوو و لەرز پەنجەی لە دڵ گیر کردبوو. (ها)ی لە دەستەکانی دەکردو دەیگوت (یا عەلی)و لێوی بەفرماڵی لە بەفر دەدا.

قوتابییەکان کتێبیان لە بن هەنگڵ نابوو وەك باڵندەیێ کەوتبێتە ژێر رێژنە باران؟، سەریان شۆڕ کردبووەوە سەر سنگو بە غارە

غـاره بــەرەو قوتابخانــە دەچــوون. ســەری رووەمــەتیان لــە ســەرمان ســوور هەڵگــەڕا بــوو. پێی بێ گۆرەوییان لە ناو پێڵاوی لاستیک رچی بــوو. دەلــەرزینو (ها)یــان لــە نــاو دەســتی بچکۆڵەیان دەکرد. مامۆستا ئومێدی فلچەی لە ددانی دەدا. سلامیان لێکردو چوونە نـاو پـۆلی ساردو ناخۆش. سۆبەی نـەفت پێنەنـەکرابوو. لە دەرەوە بەفر وەستا بوو. کە ئەحمەد عەلی ، قوتابی پۆلی پێنجەم، بە هـەراو زەنـا چـووە پۆل، گلەیی منداڵان دەستی پێکرد.

– لە سەرمان مردین.

– سۆبە پێنەکراوە. ئاگری تێدا نییە.

– ئای ئێستا ژێر کورسی چەند گەرمە!

– من ئەمڕۆ دەڵێم زگم دێشـێو روخسـەت وەردەگرم.

ئەحمەد عەلی، کە لە بەر زماندرێژیی خۆی، ڕۆژ نەبوو پشتە دەستی بە زریزەی مامۆستا شین نەبێ. سەری لە دەرەوە هەڵکێشاو کە دیتی جەنابی ئومێدی چۆتەوە ژووری خۆی، گوتی:

– هەر دەزانن وەکوو مریشک قودە قود بکەن... باشە! با یەکێ بچێ نەفت بێنێ...یەك بەرمیلە نەفتمان لە ناو عەنبار هەیە.

یەکێ لە قوتابییەکانی پۆلی دوو، کە لە کاتی قسە کردندا وەك قاز دەیقیڕاند، گوتی:

– پەستە ... لێمان دەدا.

ئەحمەد عەلی بە تووڕەیی گوتی:

– با لێمان بدا.. لەوە باشترە کە لە سەرمان دیق بکەین.

ئینجا خۆی لە پۆل چووە دەرەوە. بە پەنجە لە دەرگای داو گوتی:

– مامۆستا سۆبە پێنەکراوە...روخسەت هەیە کەمێ نەفت ببەین؟

مامۆستا ئومێدی، سینی نان‌و کاسەی شیری لە دەست یەکێ لە قوتابییەکان پۆلی پێتنجەم وەرگرت، سەری بڵند کردو لە پشت چاویلکەوە، بە تووڕەیی تەماشای ئەحمەد عەلی کرد. گۆشەی لێوی بە بێزاری هاتەوە یەك‌و گوتی:

– نەفتت دەوێ؟ ها؟ ...دەتەوێ گەرم بیتەوە؟

وەك ئەوەی شتێکی گرنگی بە مێشکدا هاتبێ، سینی‌و کاسەکەی لە سەر قاڵی سەر عەردی ژوورەوە داناو هاتە پێش مەیلەو سنگ

بە سنگی ئەحمەد عەلی وەستاو بە دەنگێکی پەست گوتی:

- بڵێ بزانم، دوێنێ، لە دێدا لای خەڵک چت گوتبوو.

ئەحمەد عەلی، کە ترس و دڕدۆنگی لە چاوەکانی شەپۆلی دەداو خەست دەبووەوە، ملی کەچ کردو بە دەنگێکی ناسك گوتی:

- من هیچم نەگوتووە، جەناب...بە خوا هیچم نەگوتووە...

مامۆستا ئومێدی، بە زەردەخەنەیەکی وا وەك ئەوەی بیەوێ نهێنی کەسێ ئاشکرا بکا، پرسی:

- ئەی کێ گوتبووی: ( مامۆستا، تا خۆی نەیەتە پۆل، لێناگەڕێ ئێمە سۆبە پێ بکەین) ها؟ پیسکە...

خێرا دەستی بڵند کردو زللەیەکی توندی لە بنا گوێی ئەحمەد عەلی دا. ئەحمەد عەلی ئاوی لە چاو قەتیس ماو سەری وژە وژی کردو هاواری لێ هەستا:

– بە حەزرەتی عەباس، ئەگەر شتی وام گوتبێ... گووی دەخۆم ئەگەر هیچ قسەم کردبێ.

مامۆستا ئومێدی، بە بێجامەو چاکەتێکی فستقی ئەستوور چووە پۆل. منداڵەکان هەموو سلاویان کردو وەکوو رەوە مەڕێك کە چاویان بە گورگ کەوتبێ، خۆیان لە قوژبنێك کوتا. دەنگی نووساوی مامۆستا لە پۆلدا دەنگی دایەوە، گوتی:

– دوێنێ یەکێکتان لە ناو دێدا بڵاوی کردۆتەوە گوایە سۆبە درەنگ پێدەکرێ. هەتا تێشتم دەخۆمو دێمەوە دەبێ هەمووتان قاچ

بەرز کەنەوەو دەستتان بڵند بکەن... ئەگەر بزانم یەکێ قاچی داناوە، بە پێ خواسی لە سەر بەفر پێی غار دەدەم...تێگەیشتن؟ بەهرۆز کوا؟ نەهاتووە؟!

بەهرۆز قوتابییەکی پۆلی چوار بوو. کوڕی ئاغا بوو. بەژنی، سەرو گەردنێك لە منداڵەکانی دی کەڵەگەتر بوو. چاوەدێریی پۆلیشی لە ئەستۆدا بوو. تاکە قوتابییەك بوو کە چاکەتو پانتۆڵی لەبەر دەکردو گۆرەوی لە پێ دەکردو پالتۆیەکی گەرمو جوانی لەبەر دەکرد سینگی دادەپۆشی. دەمو چاوی سپیو گۆشتن بوو. کەمێ قەڵەو بوو. ناو لەپی وەکوو قوتابییەکانی دی پفکەی دەرنەدا بوو. پیسو چڵکن نەبوو. هەموو سبەینان دەمو چاوی خۆی دەشووشت. لە دەرسەکانی زۆر خراپ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جەنابی مامۆستا

دەچــووە هــەر ماڵێــك وەكــوو قوتابییــەكی نموونــەیی باســی دەكــرد دەیگــوت: (دەرســی بــاش دەخــوێنێ. زۆر بــە تەربیەتــە. جلــی بــە پاكی رادەگرێ. جوێنی لە دەم دەرنایێ.)

بەهرۆز لەبەر دەرگا وەستا بوو بــەفری لــە سەری دەتەكاند، گوتی:

– جەناب، ئەوەتا من لێرەم!

مامۆســتا ئومێــدی ئــاوڕی دایــەوەو بــە بەهرۆزی گوت:

– تــا مــن دێمــەوە چــاوەدێریی منــداڵان دەكەی... ئەگەر یــەكێ قاچــی لــە ســەر زەوی دانا، یان پاڵی بـە دیـوارەوە دا، یـان دەسـتی هێنایــە خــوارێ، نــاوی دەنووســیو دەیدەیتــە من. تێگەیشتی؟

بەهرۆز، لە بنــەوە چاوی بــە منداڵەكانــدا گێڕاو گوتــی:

- بە چاوان.

منداڵ، بە فەرمانی جەنابی مامۆستا دەستو پێیان بڵند کرد. ئومێدی، بە بۆڵە بۆڵ لە پۆلْ ڕۆیشت. چاوی بڕییە ئاسمانو بە چرپە گوتی:

- یەک دەقیقە چاوت بکەوە... هەر بەفر... هەر بەفر... !لادین، چۆن لە رک راچووە!

هاواری کرد:

- بابا شەمسی ئیلاه... بابا شەمسی ئیلاه.. پیرەمێرد، لە کوێی؟ وەرە پیاڵە چایەک تێکە!

پۆل کشو مات بوو. منداڵ قاچیان دەلەرزیو لە جێی خۆیان هەژە هەژیان دەکرد. ئەحمەد عەلی رووی کردە بەهرۆزو گوتی:

– جـــەنابی مامۆســـتا لـــە ژووری خۆیەتی...لێگـەڕێ بـە ئیسـراحەت لـە جێـی خۆمان بوەستین. ..هـەر کـاتێ هـات، وەکـوو باڵندە قاچمان دەبەینەوە بن سکمان.

بەهرۆز فیڵبازانە گوتی:

– ئـاخر. ئەگـەر کـتو پـر هـات؟ پشـتە دەستم بە زریزە شینو مۆر دەکا. بـەخوا مـن حـەز ناکـەم ئێـوە یـەك خولـەك ئاوهـا بوەستن...بە درۆ وا ناڵێم!

ئیسمعەلی، کە رەنگ زەردو مل باریکەیەك بوو، گوتی:

– مەترسە، بەهرۆز...ئەو جارێ نایێ....

چەند قوتابییەکی پۆلی یەکەم دەگریان. لە دەرەوە بـەفر نـەدەباری. لایـەکی ئاسمـان سامالْ بوو. هـەتاوی سـاردو خۆشـی بەهمـەن ماه بە دەرەوە بوو. کە هەتاو لە ناو پـۆلی دا،

شتێکی گەش لە چاوی منداڵان درەوشایەوە. شتێکی وەکوو شادیی بچووک‌و خەیاڵاوی بەهار.

بەهرۆز سەرنجی لە سەر ئاسمان کێشایەوەو بە دەنگێ وەك ئەوەی بیەوێ منەتێکی گەورە لە سەر منداڵەکان بکاو خۆیان لە کن ئازیزو خۆشەویست بکا، بە هێواشی گوتی:

– باشە...بە مەرجێ، کە هات، وەکوو جاران بوەستن.

*

*

هەوری خۆڵەمێشی پەرت کرد. هەور پەڵ پەڵە بەرەو رۆژهەڵات دۆیشتن. هەتاوی بێتۆق دەرفەتی دا بۆ ئەوەی پیاوان بان بپەستنەوەو

سووڵاوکەکان چاك بکەنەوەو بەفر لە حەوشەو کۆڵانە را بدەنو ژنان بچنە سراوێ و پیرەمێرد لە بن دیوار دابنیشنو قەننە بکێشنو خوێنێکی تازە بەر بەر پەیکەری کارو زەحمەتدا بچێ.

سۆبە لە ژوورەوە دەسووتا. ناو بە ناو بایەکی توندی دەهاتو دووکەڵێکی رەشی لە جمگەکانی فڕێ دەدایە دەرەوە. زریزەی دەست جەنابی ئومێدی بەرز دەبووەوەو دەهاتە خوارێو وەکوو مار پشتە دەستی بچووكو ساردی دەگەزی. ناسر، دوا کەس بوو، کە بە ترسەوە دەستی درێژ کردبووو بە سەرنجی پڕ پاڕانەوەی وەك چاوی مانگای بەر دەستی قەساب، هاواری دەکرد:

- بە قورعان... ئەگەر بزانم کێ شکاتی لە ئێوە کردووە...بە خوا بە درۆ وایان پێگوتووی!

وەك باڵندەیەکی بریندار، کە هەنگاو بە هەنگاو هەست بە هەڕەشەی راوچی بکا لە دوای خۆیەوە، بەم لاو بەولادا بازی هەڵدەداو تکاو ژانو بێ تاوانیی لە چاودا شەپۆلی دەدا.

دەنگی مامۆستا ئومێدی وەك هەورە تریشقە لە ناو پۆلدا دەنگی دایەوە:

- برۆ دانیشە... گەلحۆ!

ناسر ئەوەندە گریا بوو چاوی سوور بو بوو. چوو دانیشتەوە. ئومێدی زریزەکەی لە سەر مێز داناو جگەرەیەکی داگیرساند. منداڵ بە ملی باریكو چڵکن، بە چاوی رەشو شلەژاو، بە بێدەنگی لە پشت تەختەکانیان دانیشتبوون کە قوتابییانی پێشوو یادگارییان

لە سەر هەڵکەند بوو! لەو زیندانییانەیان دەکرد کە تووشی کەمخوێنی هاتون. بە رووی گرژو سەری تاشاو گوێ لە گوتاری سەرۆکی زیندان دەگرن کە پیرۆزبایی هاتنەوەی ساڵی نوێیان لێ دەکا.

ئەحمەد عەلی لە ریزی دواوەو لە قوژبنێکی پۆل دانیشتبوو. لە پنگوینێکی دەکرد پەڕەکانیان دەرکێشا بێ. دەستی نابووە بەینی رانەکانیو دەیگوشی بۆ ئەوەی کەمێ ئازاری دەستەکانی هێور بێتەوە. هیچ رۆژێ بە قەد ئەمرۆ زریزەی نەخواردبوو. گە بە گەی پەنجەکانی دەیانتریواند. بیرێکی تازەی کەوتبووە مێشک خۆی پێوە خەریک کردبوو. هەڵیدەسەنگاند داخۆ دەشێ بێتە دی یان نا؟

مامۆستا ئومێدی، بە گۆنای قۆپاوو سەرنجی وشکو مات، لە نزیک سۆبە، لەسەر کورسی دانیشتبوو. زۆر کلۆڵو بەدبەخت دیار بوو. بە ریشی نەتاشاوو سمێڵی رەشی سیمای پیرتر دیار بوو.

ساڵی یەکەمی مامۆستایەتی پڕ جۆشو دارماڵ بوو لە هێزو چالاکی. سبەینان، سەعات حەفت، لە خەو هەڵدەستاو دەچووە پۆلو خۆیشی نەیدەزانی چۆن دەبێتە نیوەڕۆ. هەموو رۆژێ، سێ سەعات دەرزی زیادەی دەگوتەوەو سەعات حەفتی ئێوارە منداڵەکانی دەناردەوە ماڵێ. وەک ئاو خواردنەوە، پۆلی پێنج قۆناغی بەڕێوەدەبرد. وەک باڵندەیەکی شاد لە ناو پۆل دەهاتو دەچوو. زانیاری بە پۆلی پێنجەم دەگوتو لە هەمان کاتدا دارشتنی دەدایە پۆلی چوار. پۆلی

سێیەمی بە شیکار کردنی چەند پرسیارێك خەریك دەکردو بە قوتابیانی پۆلی دووەمی دەگوت نێگار بکێشن‌و قوتابیانی پۆلی یەکەمی بە مەشق خەریك دەکرد. بەم بەرنامەی وا چڕو پوخت- هەڵبەت لە کاتی کارکردندا گۆڕانی تێدەکەوت-بە چاکی پۆلی بەڕێوە دەبرد. بەڵام ساڵ هات‌و ساڵ چوو کە لە ئاسۆی دیدی ئەودا وەکوو گۆمێکی مەندو ئارام خۆی دەنواندو ئارامییەکی تاقەتپڕوێنی هەبوو. شەوو ڕۆژ بە یەکنەوایی دەهات‌و دەچوو. هیچ ڕووداوێکی باڵکێش نەبوو، وردە وردە هەستی بە ماندوێتی دەکردو ڕۆژ بە ڕۆژ مێشکی شەکەتتر دەبوو. تەنیایی توندتر دەبووو ئەگەر بیتوانیایە دەرسی وا وشك‌و برینگیش بدا! گەدەی باش کاری نەدەکرد. گورجیلەکانی ژانیان دەکردو ژیانی شێوا بوو.

مامۆستا ئومێدی، بە شەکەتی و روو ترشی، لە جێی خۆی هەستاو ئاغزەی جگەرەکەی لە بن پێی پان کردەوە. ئەمڕۆ پۆلی پێنجەم مێژوویان هەبوو. بابەتی دەرزەکەیان مێژووی مەشرووتییەت بوو. بەڵام، ئەو، کە لە عومری خۆی یەك کتێبی لە بارەی رووداوێکی وا قووڵ و سەرنجکێش نەخوێندبووەوە، چون دەیتوانی دەرز بلێتەوە؟ ئیتر لە بەینی دگانە وردو سپییەکانی گوتی:

خۆتان وەڵامی پرسیارەکانی دوا لاپەڕە لە سەر (رابەر)ەکە بنووسنەوە. پۆلی چوارەم، ئێوەیش داڕشتن بنووسن. بابەتی داڕشتنەکەتان ئەمەیە: زانست باشترە یان سامان؟

ئاسمان یەک پارچە شین بوو. خۆر خەندەیەکی ژاکاوی بە لێوەوە بوو. کەژو کێو کەوتبوونە ژێر بەرگێکی خۆڵەمێشیی. دووکەڵێکی کاڵ لە لێوی دیوارو کۆڵانە قوڕەکان بەرز دەبووەوە. (سیاه ستارە) پشتی دابووە تەپەیەک‌و هەموو منداڵانی قوتابخانە، لە پشت تەپەو لە ناو ئەو چنارستانەی قەڵ بە سەریدا دەخولانەوە، کۆبو بوونەوە. ئەحمەد عەلی، بە جۆرێ کە هەموو گوێیان لێ بێ، گوتی:

– ئەمڕۆ ناڤرۆ ناچینە قوتابخانە. با جەنابی ئومێدی بە تاقی تەنێ لە حەوشەی قوتابخانە پیاسە بکاو جگەرە بکێشێ...ئەگەر یەکێ هاتە دوومان ، دەڵێین تا ئەو زریزە

لەعنەتییە فرێ نەداتە ناو ئاودەست، ناچینە قوتابخانە.

بەهرۆز، دەستەکانی لێك خشاند، گوتی:

– ئەحمەد عەلی راست دەکا...هەموو ئێسکی دەستی شکاندووین... لەعنەتی، بە چەشنی بە زریزە لە پشتی دەست دەدا، لە کەری بدەن دەتۆپێ... وا دەزانێ ئێمە کەرین... من ناچمە قوتابخانە.

ناسر پێکەنی و گوتی:

– هەر کەسێ بچێتە قوتابخانە لە سەگ کەمترە...

ئەردەشێر، کە سەگ قاچی گرتبووو خوێنی لە ناو پێڵاو مەیی بووو لە بەر ئێشی خۆی لێوی دەکرۆشت، لە جێی خۆی هەستاو گوتی:

- راستە من پێم بریندارە... بەڵام تا ئێوارێ، نە دەچمەوە ماڵێو نەدەچمە قوتابخانە...هەر کەسێ بچێ، دایکی...

بەهرۆز، بە جۆرێ کە هەموو گوێیان لێ بێ، گوتی:

- ئێوە یارییەکی سەر پێی بکەن تا من دەچمو دێمەوە. زۆر برسیم. نیوەڕۆ هیچم نەخواردووە. لە برسان سکم قۆڕەی لێوە دێ.

ئینجا وەك کەروێشك باڵای تەپە بووو لە بەرا دی شۆڕبووەوە. ئاوڕێکی دایەوەو هەروا کە رای دەکرد، بای دایەوە بۆ قوتابخانە.

*

*

مامۆستا ئومێدی بە پەشۆکاوی و حەپەساوی، بە بابا شەمس ئیلاهی گوت:

– ئەوە سەعات سێ و نیوی دوای نیوەڕۆیە...بڕۆ بزانە ئەوانە لە کوێ گۆڕ بە گۆڕ بووین. بۆچی نایەنە قوتابخانە؟

بابا ویستی پێڵاوی لە پێ بکا کە بەهرۆز بە هێنکە هێنک بە ژووری کەوت. بە خەندەیەکی سەرکەوتووانە سەلامی کردو گوتی:

– ئەمڕۆ کەس نایەتە قوتابخانە...منداڵ لە پشت تەپە کۆبوونەتەوە یاری دەکەن...دەڵێن بە زریزە لێمان دەدا...وا دەزانێ ئێمە کەرین...نایانەوێ بێنە قوتابخانە... بەڵام من هاتم.... هەرچەندە پێیان گوتم، من نەچووم. گوتم من لەگەڵ ئێوەدا نیم...یەک سەعاتیش دوا ناکەوم.

مامۆستا ئومێدی، وەك مشکێ کە ملی بە تەڵەوە بووبێ، بە سەرسامی چاوی بڕییە بەهرۆزو سێوی گەرووی هەڵشاو داکشا. جگەرەیەکی داگیرساندو بە دەنگی بەرز گوتی:

- غەڵەت دەکەن نایەن...ڕەگو کۆکی بابیان دەردێنم کە بۆ حەفت پشتیان ببێ بە عیبرەت...نایەن... ها؟

ڕووی کردە بابا شەمسی ئیلاه و هاواری کرد:

- بە باوکەکانیان بڵێ زوو بچن منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە. یاللا..

بابا پێڵاوی لە پێ کردو بە کۆکە کۆك لە حەوشە چووە دەرەوە. بەهرۆز پاڵی بە دیوارەوە دا بوو. دەیەویست پرسیارێکی لێ بپرسێ بۆ ئەوەی سەد درۆ هەڵببەستێ و

منداڵەکان لەبەر چاوی مامۆستا بە بەدفەڕو گەمژەو نەزان پێشان بداو خۆی ئازیزو خۆشەویست بکا. بەڵام جەنابی ئومێدی، رووی نەدایێ. جۆرە ترسێکی کەوتبووە دڵو رۆحی ئازار دەدا. تەماشای پۆلی نەدەکرد کە وەگ قەبر دڵی تەنگ دەکرد. دەتگوت پۆل بە دوو بازووی بەهێز، وەکوو بێچووە وەردەك لە ناو مستی خۆی گرتووەو رایدەگوشێ. هەستێکی نائاشنا رۆحی بریندار دەکرد. دەتگوت بە تاقی تەنێ فرێیانداوەتە بیایانێکی قاقڕ، فەرشێکی خوێی لە ژێر پێ راخراوەو خۆری سووتێنەرو ورشەی شوومی باڵی لاشەخۆرانی لە سەر سەر دێ.

هاتنی بەهرۆز دڵی خۆش نەکردو هیوای پێ نەبەخشی. حەزی دەکرد بچێ ئەو زریزە لەعنەتییە بگرێو فرێی بداتە ناو خەلا، بەڵام

فیزو بوغرایی ڕێی نەدەدا. هەرگیز خۆی وا بچووک‌و سووک‌و ڕسوا نەدی بوو. منداڵانی دێ ئیتر منداڵ نەبوون بۆ ئەو، بوبوون بە هێزێکی گەورە و کاریگەر.

هەروا کە پیاسەی دەکرد، بیری دەکردەوە کە لێپرسراوانی منداڵان لە حەوشە کۆبوونەتەوە و پێی دەڵێن:

– بەڵێ... منداڵانی ئەمڕۆ وەکوو گورگی هاریان لێهاتووە. ئەگەر جارێکی دی نەهاتنە قوتابخانە هەموویان ساقیت بکە.

– هەڵبەت جارێکی دی ئیشی وا ناکەن. شەیتان چۆتە بن کلێشەیان.

– پێمان گوتن جەنابی بەڕێوەبەر هەقی بە سەرتانەوە نییە...ئێستا هەموویان وەک مشکی ناو جۆگا، بە شەرمەزاری‌و سەرشۆڕی،

لـە پشـت قوتابخانـە کۆبوونەتـەوە، چاوەڕێ دەکەن بیانبووری.

– ئـەم جـارەیش ئـەوە چـوو... توخمـە جنۆکانە وا دەزانن پشتە دەستیان بە ماشە داغ کردوون.

– .....

بـەهرۆز شـایی لـە دڵـدا دەگـەڕا. چـاوی بڕیبـووە دەرگـای حەوشـە. خـودا خـوای بـوو منـداڵ وا زوو نەگەڕێنـەوە. جـەنابی ئومێدی، لەگەڵ دەنگی نووسـاوی بابـا شەمسـی ئیلاه، هاتەوە سەرخۆی:

– بــە لەعنــەت بــی شــەیتان!!... نایەنەوە...چـوونەتە نـاو چـنارەکانی پشـت تەپــەو مانیــان گرتــووە. کــە چــاویان بــە باوکـەکانیان کـەوت، لـە پڕمـەی گریانیـان دا.

دەیانگوت نایەینەوە. تا زریزەکە توور هەڵنەدا، نایەینەوە.

ئومێدی جگەرەیەکی دی داگیرساند. هەستی دەکرد وەک دیوارێکی رفۆک کە کەوتبێتە بەر رەشەبایەکی بەهێز، ئاوها لەبەر دەم منالان دەڕووخێ. حەزی دەکرد یەک دەقیقە چییە لە قوتابخانە نەمێنێتەوە. منداڵ خراپ تەنگاویان کرد بوو، رقو نەفرەتو نائومێدی لە دڵدا دەکوڵاو دەجۆشا. دونیا سارد داهاتبووو پەڵە هەورێك لە تەك خۆر دەجوولایەوە.

مامۆستا ئومێدی پاڵی بە ئەستوندەی داری هەیوانەوە داو بە بابای گوت:

– برۆ زریزەکە ببە لەبەر چاوی منداڵان فرێی دە ناو بەفر. بڵێ سبەی بێنە

قوتابخانە... هـەقی منداڵانـە...من بـە خراپـی سزام دەدان.

بە سەرنجێکی ساردی وەك خۆڵەمێش، بە بەهرۆزی گوت:

– تۆیش بڕۆوە ماڵێ.

تەواو بوو. خۆی حەساندەوە. باری سەر دڵـی خـۆی سـووك کـرد. بـە دەم کۆکـەوە چـووەوە ژووری خـۆی. لـە سـەر تـەختی سەفەری راکشاو چاوی نوقاند.

*

*

کـاتێ ئەردەشـێر ئـەم رووداوەی بـۆ گێڕامەوە، چرکەساتێك بێدەنگ بوو. تەماشای دەسـتم کـرد کـە ئەوەنـدەی دەسـتەندوو رابگوشێ. ئەوەندەی لـە بـەر قرچـەی هـەتاو

دابێتەوەو قەفی داس لە تەبارەی گەنم بدا، وەك ئەو پارچە زەوییەی ئیشی لەسەر دەکردو دەناوی دەهێنا، سەختو زبر ببوو.

چاکەی سارد بوبووەوە. بۆم گۆڕی. خەندەیەکی میهرەبانی نیشتە سەر لێوانو گوتی:

- بەڵێ... منداڵ سەرکەوتن. لەو ڕۆژە بە دواوە، جەنابی ئومێدی لەگەڵمان میهرەبان بوو. ئەگەر چی تا چەند ڕۆژێك تەماشای نەدەکردینو بۆن بۆگەنییەکی وای کحوولی لە دەم دەهات، دڵمان لەگەڵ تێکهەڵدەچوو. بەڵام چیدی دەستی لێ بڵند نەکردین.

گوتم: ئەدی بەهرۆز چی لێهات؟

بە خەندەیەکی حەسرەتبار گوتی:

- باوکی پارەی هەبوو. ڕەوانەی شاری کرد... لە شار دەخوێنێ.

پرسیم: ئەدی ئەحمەد عەلی؟

ئەردەشێر، بە گردەبڕیو بە دەنگی گڕی وەرزێریێك گوتی:

– چۆتە شار...لە چاپخانەیە... کرێکاری پیتچنینە.

کتێبێکی لە بەر دەستی خۆیەوە نیشان دام، وێنەی پیاوێکی لە سەر کێشرا بوو، ناوچەوانی پانو سمێلی ئەستوورو شۆڕ بوو، لووتی قەڵانگیو چاوی بزۆزو ئێسکی دەمو چاوی وەك پۆلا پتەو بووو شەویلاکەکانی بەهێز بوون. سەرنجی بڕیبووە دوور. ئەردەشێر گوتی:

– ئەم کتێبە ئەحمەد عەلی بۆی ناردووم... رایسپاردووە کە بە وردی بیخوێنمەوەو تێیبگەم.

***

(٤)

# بابا ئەلیاس

چارداغی بابا ئەلیاس لە سەر تەپۆلکەیەک بوو بەسەر رەزی ترێیدا دەڕوانیو رەزی ترێشی کیلۆمەترێک لە رووبار دوور بوو کە لە دۆڵی (کانی پەری) هەڵدەقوڵاو لەو خوارە، بە تەک دار بیو دار چنارو تاکو تووک دار

سنجوودا دەڕۆیشت و لە رووباری (گاوڕوودی) دەکردەوە.

چارداغەکە چوار دیوارێك بوو. زستانان چۆل و هۆل بوو. دەکەوتە بن بەفرو دەبوو بە لانەی رێوی و جێگای قەلەڕەشان. بابا، نوێنەکەی، کە لۆچەکانی پڕ ئەسپێ و کێچ بووو بۆنی ژەهری لێ دەهات، لەوێ رادەخست و تا مانگێك بە سەر پایزدا تێدەپەڕی و یەك تلییە ترێ نەدەما، لەوێ دەژیا و نەدەگەڕایەوە ماڵێ. چارداغەکە هەیوانێکی هەبوو، بابا لێفەیەکی لێ رادەخست و لە سەری دادەنیشت و چاوەڕێی دەکرد ئەگەر رێدارێ، یان رێبوارێ تێبپەڕێ، یان ئەگەر یەکێ لە گوندەوە بێ، بە پارە، یان بە گەنم، ترێی بۆ بکێشێ و بیداتێ.

بابا ئەلیاس لە هەموو سامانی دونیا ئەو رەزەی هەبوو کە بە زەحمەت ژیانی ساڵێکی خۆیو ژنەکەیو ئەحمەدی برازای، کە لای ئەوان بوو، بەڕێوە دەبرد. ئیتر نە مەڕێك، نە بزنێك، نە مانگایەكو تەنانەت نە پیرە کەرێك.

کە زستان بە سەردەچووو زەوی ئارەقەی دەکردو بای شەماڵ لە دەرو دەشت هەڵیدەکردو پونگ لە دەم رووباران شین دەبوو. کە کەنگر لە ناو کێڵگان چووزەرەی دەردەکردو رێواس لە کێوی (قەلالان) دەڕواو (تنگز) گوڵی دەدا، کە لە دوورەوە وەکوو ئاگر بڵێسەی لێ هەڵدەستا، و بیو چنار گەلایان پان دەبوو، بابا، پێش بەیانی مقەسی تایبەتی باخەوانیو مشاری بچووكو بێڵێکی هەڵدەگرتو دەچووە ناو باخ. چاکەتی دادەکەندو قوتی جگەرەی لە بەرکی جلیتکەی

دەردەهێناو جگەرەیەکی لە تووتنەکەی تێ دەکرد کە ئەو نەبوایە کەس نەیدەخوارد. ئاوی خوای لێدەهێناو دەمی بێڵی بە خاکی ساردو سوور ئاشنا دەکرد. بێڵ بڵند دەبووو دەهاتە خوارێ. لار دەبووەوەو خاکی وەردەگێڕا بۆ ئەوەی ریشەی مێو هەناسە هەڵکێشێ‌و ئاوی بارانی بەهار ئاسانتر بچێتە خوارێ‌و زەوی بە هێز ببێ‌و پەینی ئاژەل خۆی لەگەڵ خاک لێك بدا.

بابا ئەلیاس تەمەنی حەفتا ساڵ بوو. شانی کەمێ خوار بوبوو. بەم دوادواییە نەختێ لەرزەك بوبووو بە زەحمەت پیاڵەی چای پێ هەڵدەگیرا. ملی هەر لە گونی پیاوێکی پیری دەکرد. بە کنج‌و لۆچ‌و چورچاتی بوو. دەم‌و چاوی وەکوو پشتی پیرە کیسەڵێك پڕ بوو لە لۆچ‌و بەرزی‌و نزمی. ددانی لە دەمدا نەما بوو.

چاوی بچووکی هێشتا trووسکەی تێدا مابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی کاری بەردەوامەوە، ئێسکی وەك پۆڵا پتەو بوبوو. کار، بابای کردبوو بە بەردێك ، سەرسەخت بوبوو بەرامبەر بە بێدادیی ژیانی چێڕو قرێنیس. کار کردبووی بە درەختێکی پانو پۆڕ ریشەی بە هیچ بایێ، بە هیچ باهۆزێ هەڵنەدەکەنا.

ئەو رەزەی بە زەحمەت چەند گەنجێ دەیانتوانی خاکەکەی هەڵگێڕو وەرگێڕ بکەن، بابا بە تەنیایی لە عۆدەی دەهات. بێڵی بڵند دەکردو دایدەهێنایە خوارێ. خاك شل دەبووەوە. جارو بار دەوەستاو هەناسەیەکی تازەی هەڵدەکێشاو کزەبایەك لە سەر رووبارەوە دەهات، پەڕەی دفنکەکانی دەلەراندەوە. کە ژنەکەی دەست بە پریاسکەی نانو ماست لە تەپە شۆڕ

دەبـووەوە، بێڵەکـەی لـە زەوی دەچـەقاندو دەیزانـی نیـوەڕۆ داهـاتووە. دەچـووەوە چارداغەکەی‌و کتری‌و قۆڕی دەبردە سەر کانی هەوراز رووبارو پڕ ئاوی دەکرد. دەم‌و چاوی خۆی دەشووشت‌و قومە ئاوێکی دەخواردەوەو دەهاتەوە. تا ئەو دەهاتـەوە، ژنەکـەی ئاگری لـە سێکوچـکە دەکـردەوەو نـان‌و پـەنیری پریاسکەکەی دەردەهێنا.

زەرینـەی ژنـی، دەم‌و چاوی وای پێشـان دەدا کە تەمەنی سی‌و پینج ساڵە. قژی سەری یـەك پارچـە رەش بـوو. ددانـی سـپی دەبریقایەوە. زەرینە منـداڵی لـە بابا ئـەلیاس نـەبوو. منـداڵیان نـەبوو. ئەحمـەدی کـوڕی کەیکاوسـی پسمامی بابایـان، بـە منـداڵی لـە دایکـی جیـا کردبـووەوەو هێنابوویانـە لای خۆیان. بێشك، هـۆی روو گەشـی‌و تـەڕو پـڕی

زەرینە ئەوە بوو کە ژانو ئازاری گەورەی منداڵبوونی نەچێشتبوو.

بابا ئەلیاس کە پارووە نانو پەنیرێکی دەخواردو چای تاڵی دەخواردەوە، هەڵدەستا. کە رەزینە هەڵدەستا بڕوا، ئەو پێی دەگوت کە درەنگ دێتەوەماڵێ. دەستی دەدایە بێڵەکەیو دەستی بە هەڵگێڕانەوەی خاك دەکرد. لە هەمان کاتدا گیا کەڵەکەی هەڵدەکەندو تووڕی هەڵدەدا. ریشەی ئەو گیایانەی هەڵدەکێشا کە هێزیان لە زەوی دەسەند. مەگەسو زیندەواری مزیڕی بە پێ پان دەکردەوە. پێژکی دار مێوەکانی بە مشار دەبڕی. لەو رۆژانەدا زەرینەیش بۆ بژار کردنی گیاکەڵە دەهاتە هاری.

کە خاك وەکوو چەپکە گوڵێك ئامادە دەبووو خاشاکەکەیان تووڕ هەڵدەدا، دەستی

دەدایـە مشـارو مێوەکـانی هەڵدەپـەرتاوت. ڕێداران کە بە باریکە ڕێی پشت چارداغەکەیدا تێدەپەڕین، بابا ئەلیاسیان دەدی پشتی کووڕ کردۆتــەوەو خــەریکی مێــو هەڵپەرتاوتنــە، دەستیان بۆ هەڵدەتەکاندو دەیانگوت:

– مانـدوو نـەبی... ئەمسـاڵ بـەشمان لـە ترێی ڕەز دەبێ، یان نا؟

بابا پشتی ڕاست دەکردەوەو بە دەنگێکی بەرز وەڵامی دەدایەوە:

– خوا تەمەنت درێژ بکا... کەس نەیدیوە بابا درێغی لە ترێ بکا... کـەس خـاوەنی ئـەم ڕەزە نییە.

مێوەکـــان پشـــکۆژەیان دەر دەکـــرد. پشکۆژەکان لەبەر گـەرمای خـۆرو هـاتنی بـاو هێرشـــی ئـــاو پـــان دەبـــوونو توولـــەیان دەهاویشـــت. لقـــەکان ئەســـتوور دەبـــوونو

مێوەکان دەڕشانەوەو دەبوون بە هێشووە پەسیرەی ترش و گەورە. تا هەتاو بەهێزتر دەبوو، هێشووە پەسیرەی سەوز رەنگیان دەپەڕی و زەردو سوور دەبوون. بابا لەم کەرتەوە دەچووە ئەو کەرت. جۆگەی ئاوی کەچ دەکردەوەو ئاگادار بوو کە ئاو لە کاتی خۆیدا بە کەرتەکانی دی بگا.

بابا پەنجا ساڵ بوو لە سەر ئەو رەزە زەحمەتی دەکێشاو ئارەقەی دەڕشت. ئەو رەزەی پێش پەنجا ساڵ هیچ مێوی نەبوو، ئێستا هەزارو بیست بنە مێوی تێدایە. ئەو زەوییەی وات دەزانی بە کەڵکی داچاندن نایەو هەر وا بەرەلا کراوە، لە ئەنجامی خەباتی پەنجا ساڵەی بابا وەك ناو لەپی دەست لووس بوبوو. یەك بەرد، یەك گیاکەڵەی تێدا نەبوو.

ئەلیاس پەنجەرەی ژوورەکەی کردەوەو چاوی بڕییە دەرەوە. تەمێکی خۆڵەمێشی (قەلالان)ی داپۆشی بووو هەورێکی رەشی بە سەردا پەرش‌و بڵاو ببوەوە. تا چاو بڕ دەکا ئاسمان هەوری تیرو هەڕەشاوی پۆشیبوو. ئەگەر چی تەنیا چەند رۆژێکی ما بوو بۆ یەکی فەروەردین، بەفر سەراپای زەوی سپی کردبووو تا چۆکانی تێ کردبوو. خۆر، بەرەبەری رۆژئاوا ، وەکوو سووسکەیەکی نەساخ لە پەنا هەورەوە دەلەرزی. بابا هیچ زستانێکی وا تووشی نەدی بوو. هەموو ساڵێ، مانگێك دەما بۆ جەژن، بەفر دەحەلی‌و سەوزە گیا زەوی دادەپۆشی‌و پاساری هێلانەیان لە ژێر سواندە دەکردو لەقلەق بە دەم رووبارەکاندا دەسووڕانەوەو بۆق قیڕەقیڕیان

دەکرد. خەڵك زەوییان دەکێڵاو تۆیان دەوەشاندو یۆنجەو شەودەرو گەنم قەدیان دەکرد. هەموو ساڵێ ئەو محەلانە، مەڕ بەر دەدرایە دەشتو شوان مەڕی دەبردە دەرەوە.

بابا ئەلیاس ئاوڕی دایەوە، رووی کردە عەمۆ ئیسماعیلی برای، کە لە بەر دەرگای ژوورەوە دانیشتبوو، چای دەخواردەوە. گوتی:

– ئەو هەموو بەفرە بە ئاگریش ناتوێتەوە.

عەمۆ ئیسماعیل، کە چەند ساڵێك لە بابا گەورەتر بوو، بە سەرنجێکی خەیاڵاوی سەری باداو گوتی:

– کێ لە کاری خوا دەگا؟ خوا بیەوێ بە دوو سەعات کلۆ بەفرێك لە سەر زەوی نایەڵێ.

زەرینــە ئـاگری سـۆبەی خـۆش دەکـرد، گوتی:

- یـــەك ســـەعاتیش رووی ئاسمـــان ناکرێتەوە! دەترسم ئەمشەو یەك مەتر بەفری تێ بکا.

عەمۆ ئیسماعیل کۆکەیەکی کرد. پشتی بە دیوار داو گوتی:

- نا ئیتر، شەوی سەموور ڕۆیشت، لێوی تەندوور ڕۆیشت...زستان بڕایەوە. ئەو هـەورە بۆن بارانی لێ دێ.

- زەرینە ویستی بە ئەحمەد بڵـێ بچێتە ماڵی عەمۆیو بوتلە نەفتێك بە قەرز بێنێ، کە ئاسمان گرماندیو لە سەر قەلالان بروسکی دا. هەورەتریشقە گرماندیو برووسکە کەڵبەی گڕ کردەوە. یەکـەمین دڵۆپـە بـاران کەوتـە سـەر

میناى پەنجەرە. بابا پەنجەرەى پێوە دا. دەستى بڵند کردو گوتى:

– ئیلاهى شوکر... ئیلاهى هەزار جار شوکر...

ئینجا بە عەمۆ ئیسماعیلى گوت:

– دڵم کرایەوە. ئەوەندەم چاو بڕییە برووسکەو ئاسمانى تار، دڵم وەک زیندان تاریک بوو.

پێکەنى. پێکەنینەکەى بۆنى ژیانى لێ دەهات: یەک دوو حەفتەى دى، زەوى سەوز دەبێ. رووبار گۆرانى شادى دەچڕێ، ریشوولە دێنەوە. کیسەڵ لە ژێر زەوى دێنە دەرەوەو رێوى فێڵباز لە دەشتو دەر دەکەونە قەڵەمبازو شەو دەویقێنن. خەڵک گا لەماڵەوە دەردێننو نیریان دەخەنە سەر ملو هەوجاڕ لە حەوشە هەڵدەگرنو دەشت پڕ دەکەن لە:

(هۆ... وەرە... گای زەرد! بجوولێوە). کچ دەچنە دەم رووبار پونگە دەکەن و دایکان هەموو ئێواران چاوەڕێ دەکەن (عەلی مرید) گاران بێنێتەوە. مانگاکان بە گوانی پڕ شیر بێنەوە، بیاندۆشن و شیری گەرم وەك رووباری زیوین بڕژێتە ناو بادی.

بابا ئەلیاسیش سەر لە چارداغەکەی دەدا. ئەو جێیەی خراپ بووە چاکی دەکاتەوە. سولاوکی کەوتووە دەیخاتەوە جێی خۆی. ناو چارداغ دەماڵێ. ئینجا دەست دەداتە بێلەڵەکەی لە حەوشەو لە ناخی دڵەوە دەڵێ:

(یا عەلی!)

*

*

ڕێژنە بە دوا هێزو توانای خۆی قامچی لە دێ دەدا. دەتگوت ئۆقیانووسێك لە پشت (قەلالان) رقی هەستاوەو وەك ورچێ گوللەی بە لمووز کەوتبێ دەینەڕاندو هەیاهووی دەکردو چەنگی لەم لاو لەولا گیر دەکرد. بەردەوام پەڵە هەوری چڕ لە پشت (قەلالان) بەرز دەبووەوە. نارنجۆکی هەورەتریشقە لێرەو لەوێ گرمژنی دەهات. خەڵکی ئاوایی، ژنو پیاوو کوڕو کچ، شان بە شانی یەك، لە ژێر لیسی باران، بە پەلەپەلو تۆقاوی، بە سەتڵو کاسە ئاوی حەوشیان دەردەدا بۆ ئەوەی نەگاتە ناو هۆڕو ماڵات نەخنکێنێ. هەموو خانووەکان، بانیان دڵۆپەی دەکردو هەندێ دیوار تیریژە ئاوێکی باریکیان لێ دەچۆڕایەوە. خانووی ئەسکەندەر رووخابووەوە ناو یەك، بانی داڕما بووو

دیوارەکانی بە سەر یەکدا تەپی بوون. خانووی (کەرەمعەلی)یش وەك قوتوویەکی مەقەووا کە پێی پێدا بنێی مچێولە بوبوو. (حوسنی)، بەر لەوەی دیواری خانووەکەی بڕووخێ، مندالۆ مالاتو کەلو پەلی ناو مالی گواستبووەوە مالی برای. هۆرو تاقە ژووری عەمۆ ئیسماعیل بە تەواوی رووخا بوو. هاتبووە مالی بابا ئەلیاس.

پێنج رۆژ بوو باران لێی نەدەکردەوە. دەتگوت ئاسمان توورە بووەو دەیەوێ هەموو شتێ تێكو پێك بدا. چەنگە بەفرێك لە هیچ شوێنێ نەمابوو. بەفر هەمووی توابووەوە. رووبار، هەرچەندە دە کیلۆ مەتر لە دێ دوور بوو، هاشەی دەگەیشتە ناو دێ. رووبار، هەر تەلە بەرد بوو دەیهێنا، هەر پەنجەرەو

کاریتـەی خـانووو نـوێنو لاشـەی مـەڕو بـزنو مریشك بوو دەیهێنا.

ڕۆژی شەشـەم، کـە بـاران نـەختی لێـی کـردەوە، ئـەو ڕێدارانـەی لـە گونـدی تـرەوە هاتبوونو بە باریکە ڕێـی پشـت چارداغەکەدا هـاتبوون، باسـیان دەکـرد کـە لافـاو تـا چارداغەکە هـاتووەو بـاخی بابا ئەلیاسـی بـە تەواوی ریشەکێش کردووەو شووشتووتییەوەو بردوویەتیو هیچ دەوسو شۆپی نەهێشتووە. ئـەم خەبـەرە وەکـوو تـۆپ لـە دێدا دەنگـی دایەوە. کەس باوەڕی نەدەکرد لافاو یەك کیلۆ مەتر زەوی، ئەویش بیست مـەتر بڵنـد لەسـەر خوڕی رووبار، رابماڵیو بیبا.

ئـەو ڕۆژە، بابـا ئـەلیاس سـەرمای بوبـووو ژنەکەی دنکە ترياکێکی قەرز کردبـوو. خـەریك

بوو لە سەر حوققەی وافووری دەچەسپاند بۆ ئەوەی مێردی لە سەرمابردەیی چاك ببێتەوە.

(زەرینە) خەبەری لەناوچوونی باخی بیستبوو بەڵام باوەڕی نەدەکرد. زاتیشی نەدەکرد بە بابا بڵێ. بڕیاری دابوو سەعاتێکی تر بچێتە دەم رووبار بزانێ خەبەرەکە راستە یان درۆیە؟

خەڵك لە دەم رووبار کۆبوبوونەوە تەماشای لیتەی لافاوەکەیان دەکرد کە بە هێزێکی گەورەوە بە قەدی چنارەکان دەکەوتو سەرەنگوونی دەکردنو فشاری بۆ دیواری ئەو دۆڵە گەورەیە دەهێنا کە پێشتر باخی بابا ئەلیاس بوو. باخی بابا بە تەواوی‌و چەند پارچە زەوییەکی ئەسکەندەرو حوسنی لە ناوچووبوون. لافاو هەر هێرشی دەکرد بۆ ئەوەی دۆڵەکە قووڵترو بەرینتر بکا.

زەرینە بە بینینی ئەو دۆڵەی کە پێشتر باخی بابا بوو، دەستی بە رنینەوەی قژی خۆی کرد. شەپی لە دەمو چاوی خۆی دەدا. بە نینۆك گۆناکانی بریندار دەکرد. مشتی لە سنگی دەدا. دەنگی هاتو هاواری لەو دەشتو دەرە دەنگی دەدایەوە.

– دیتت چیمان بە سەر هات؟ ... دیتت چۆن ماڵوێران بووین؟ خوایە، دەرەقەتی کەسی دی نەهاتی؟ ...خوایە، بە قوربانت بم، لە دێدا، کەست لە بابا ئەلیاس پارەدارترت نەدۆزییەوە؟

عەمۆ ئیسماعیل قوڕو لیتەی سەر رێگای هەڵدەگرتو بە سەر سەری خۆی دا دەکرد. شەپی لە ناوچەوانی دەداو هاواری دەکرد:

– خوایە، نەدەکرا برووسکەکەت لە سەری من بدەی؟ نەدەکرا یەکێ لە کوڕەکانم

بکوژی بەڵام ئەو باخە خراپ نەکەی؟ ئاخر بابا ئیتر لە ژیاندا دڵی بە چ خۆش بێ؟

زەرینە چەپك چەپك قژی خۆی دەڕنییەوە. خوێنی لە دەمو چاو دەهاتو بە سەر سنگیدا دەهاتە خوارێ. رووی لە قوڕو وەردەداو ئەگەر خەڵك نەیانگرتایە، خۆی لە دۆڵەکە دەهاویشت.

بابا ئەلیاس، کە خەبەرەکەی لە دەمی ژنەکەی بیست، کە شیوەنی دەکردو لە سنگی خۆی دەدا، چرکەیەك ماتو مەبهووت بوو. ئاخێکی هەڵکێشاو سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی‌و گوتی:

– ئەوەی خوا بکا، ئەو باشە... بە گریان هیچ پێك نایە. خوا بەمەوە دەیەوێ پێم بڵێ: بابا، خۆت بۆ مردن ئامادە کە.

بابا لە جێی خۆی هەستا. لە کاتێکدا کە دەستو کەشکەژنۆی دەلەرزی، چووە پاشخانی ماڵەوەو دەرگا دارەکەی لە دوای خۆیەوە داخست. لە قوژبنێک دانیشتو لە پڕمەی گریانی دا.

*

*

بابا ئەلیاس، تا بیست رۆژ لە ماڵەوە دەرنەچوو. حەفتەیەک نەخۆش بووو رۆژەکانی تریش دەستی دەدایە گالۆکو لە حەوشە بچووکەکەیان پیاسەی دەکرد. ناو بە ناو لە قوژبنێک دادەنیشت. دەسماڵی لە گیرفانی چاکەتی دەردەهێناو بە دەمو چاوییەوە دەگرتو بە کپو بێدەنگی دەگریا. ئەوەندەی زاتی دەدایە بەر خۆی بۆ ئەوەی بچێ

تەماشای زەوییەکەی بکا کە لافاو بردبووی، نەیدەتوانی. شەو بە زەحمەت چورتێکی دەدا. تا بەیانی بە ئاگا بووو جگەرەی دەکێشاو بە سەردەستی، فرمێسکی چاوی دەسڕییەوە. دونیای لێ بوبوو بە زیندان. بابا ئەلیاس، زستانی بەو هیوایەو بە خۆشی ئەوە بەسەر بردبوو کە بە هار دێ‌و دەچێتە سەر زەوی‌و خەبات‌و کار دەکاو نیوەڕۆ دەچێتە سەر کانی ژێر دار بی‌و مستە ئاوێك بە دەم‌و چاوی خۆی دادەکاو شوانی شەکەت‌و تینوو بە هێشووە ترێ داوەت دەکا. سەرتۆپی ترێی باخ، بە ئەحمەد، بۆ جەنابی مامۆستا دەنێرێ.

ئەگەر یەکێ بچووبایە ماڵی، بە ڕووخۆشی بە خێری دەهێنا بەڵام خۆی نەدەچووە ماڵی هیچ کەس. ئەو ڕۆژانە، بەردەوام بە کاوێژ

کردنـەوەی یـادی رابـردوو خـەریك بـوو. هـەر جارەی باخەکەی بیر دەکەوتـەوە، دڵـی تونـد دەبوو. بـەر چـاوی تاریـك دادەهـاتو دەسـتی دەلـەرزی. دەتگـوت ژەهریـان لـە خـوێنی کردووە. دەتگـوت سۆمای چـاوی لـە دەسـت داوە. ژیان، بۆ بابا بـە بـێ کـار، هیـچ مانـای نـەبوو. کـە دەیـدی بێڵەکـەی لـە حەوشـە کەوتووەو کاری پێ ناکرێ، وەك مەڕی گێژ لە بـەر ئـازار پێچـی دەخـواردەوە. بـە بـێ کـار، خۆی بـە شـتێکی زیـاد دەزانـی لـەم دونیایـە. هەسـتی دەکـرد بمـرێ باشـترە. کـار لەگـەڵ خوێنی تێکەڵ بوبوو.

کـاتی رۆژئـاوا، کـە خـۆر وەك هێشـووە ترێیــەکی زەرد بــە ســەر (قــەلالان)دا هەڵدەواســرا، دەچــوو لــە ســەر بــانی خانووەکـەیان دادەنیشـت. قـوتی جگـەرەی

دەکـردەوە. بـە پەنجـەی پـیرو ئەسـتووری جگەرەیەکی دەپێچاو دووکەڵەکـەی رەوانـەی ناو سییەکانی دەکرد. تەماشای ئەو تەپەیـەی دەکرد کە پێشتر رەزەکەی لە داوینیا باوەشی میهرەبان‌و پڕ بەرەکـەتی بۆ دەکـردەوەو بـە خەندەیەکی شاد بانگی دەکردە لای خۆیـەوە. کەچی ئێستا گەڵییەکی بە سامی وەك گۆڕ لـە دامێنـی تەپـە دەمـی بـۆ کردۆتـەوەو زایەڵـەی قاقـای شـوومی، لـە بنـی رووبارەکـە، خـەوو خواردنی لێ حەرام کردووە.

ئەنجام، حەوسەلەی نەما. تانی لە خۆی دا کـە بچـێ باخەکـە ببینـێ کـە بینـا بـە قسـەی خـەڵك ئێسـتا شـوێنەکەی بـووە بـە دۆڵێکـی قووڵ. عالەم دەیانگوت لە هـەزارو بیسـت بنـە مێو تەنیا پازدە بن ماوە ئەویش کەوتۆتە سەر لێوی دۆڵەکە.

ئـاخیری، رۆژێ لەگـەڵ کـەوا سـپێدێ، کـە ئاسمان یـەك تـەخت شـینو سـاماڵ بـوو، بابـا ئەلیاس لە خەو را بوو. جلیتکەی لەبـەر کـردو قــووتی جگــەرەی لــە گیرفــانی نــاو چــووە حەوشــە. ژنەکــەی حەوشــەی دەمــاڵی. لێــی پرسی:

– وا زوو دەچیتە کوێ، خێرە؟

بابا ئەلیاس سـەری هـەڵبڕی بـۆ ئاسمـانو گوتی:

– ئەوەندە لە ژوورەوە دانیشـتم، ئێسـکم وە ژان کەوت. پازدە بنیش پـازدە بنـە... لـە هیچە باشترە. دەچم گیاکەڵەی لێ بژار دەکەم. خــاکی هەڵدەگێڕمــەوە. رزقو روزی بــە دوای بنیادەمدا نـایێ ... بنیـادەم دەبـێ بـە دوایـدا بچێ.

بابا ئـەلیاس دسـتی دایـە بێڵەکـەی لـە حەوشەو بەر لەوەی لـە دەرگای حەوشـە پـێ باوێتە دەرەوە، لە ناخی دڵـەوە هـاواری کـرد: (یا عەلی!).

***

مەنسوور یاقووتی ۱۳/۵/۵۳

عەزیز گەردی، بەحرکە ۱۷/ ۸/ ۲۰۱۵

**وەرگێڕ ئەم بەرهەمانەی مەنسوور یاقووتی کردووە بە کوردی:**

(١) تووشای باڵندەی سەیرو سەمەرەی زاگرۆس، هەولێر، ٢٠١١.

(٢) کرمانج، سلێمانی، ٢٠١١.

(٣) چرایەك لە سەر مادیان کۆ، سلێمانی، ٢٠١٢.

(٤) ئەفسانەی لادێنشینانی کورد، هەولێر، ٢٠١٢.

(٥) بیرەوەرییەکانی مامۆستایەك، بێرووت، ٢٠١٤ .

(٦) لاوەچ (پاجوش)، هەولێر، ٢٠١٤.

(٧) لەگەڵ منداڵانی گوندەکەمانداهەولێر، ٢٠١٦.

(٨) پیاوانی بەیانی، هەولێر، ٢٠١٦.

(٩) ماینی چل جوانوو، هەولێر، ٢٠١٦.

MENSÛR YAQÛTY



# LEGEL MINDALANÎ GÛNDEKEMANDA

WERGÊRANÎ: EZÎZ GERDÎ


لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی فێربوون
0662231315 – 07504048265
FÊRBÛN